لیژنەی پێشمەرگە: هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی دوور لە ئینتیمای حزبی

هەنگاوەکانی یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە دەستپێکردووە و ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگەش لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەن هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانی. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5828) دووشەممە 16ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرجەم حزبەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی کەرکووک و چەند پرسێکی گرنگ کۆدەبنەوە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد، سەرجەم حزبەکانی کوردستان کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن. خەسرەو گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەم هەفتەیە حزبەکانی کوردستان بۆ پرسی کەرکووک و چەند پرسێکی گرنگ، کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان دەکات

جەخت لە پێویستیی یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە 15ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مامۆستا عیرفان عەبدولعەزیز ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کرد.
لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و دوا پێشهاتەکان تاوتوێ کرا و جەختیش لە پێویستیی یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان بۆ تێپەڕاندنی تەحەددیاتەکان کرایەوە. پەیوەندییەکانی هەردوولا تەوەرێکی تری دیدارەکە بوو.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خاتوو ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جەختیان لە هەماهەنگیی و کاری پێکەوەیی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەوریی نێوانیان کردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

مانگی داهاتوو وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆدەبێتەوە

نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕووسیا ڕایگەیاند، مانگی داهاتوو وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆدەبێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

د. بێوار خنسی: هەرێمی کوردستان بە مەرج دەنگ بە پڕۆژەیاسای نەوت و گازی عێراق دەدات

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بڕیار درا داوا لە حکوومەتی بەغدا بکرێت چەند پڕۆژەیاسایەک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بنێردرێت تا دەنگیان لەسەر بدرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لە بارەی خەرجییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە دهۆک، وەزارەتی ناوخۆ ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

(دەقی ڕوونکردنەوەکە لە ل5 بخوێنەوە)

سەفین دزەیی:

دۆخێکی ئەڕێنیی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروستبووە

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بە بەشداریی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ سەرژمێری لە عێراق بەڕێوەچوو

دوێنێ لە بەغدا بە ئامادەبوونی وەزیری پلاندانی عێراق و ئەنجومەنی باڵای سەرژمێریی عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەک ساز کرا و پرسی ئامادەکاری بۆ سەرژمێریی ساڵی داهاتووی عێراقی تێیدا خرایە بەرباس. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



ئەمەریکا... بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی «چرای خۆزگەکان» لە نیوجێرسی

ڕەوەندی کورد لە تاراوگە ئامادەکاری بۆ ساڵیادی ڕیفراندۆم دەکەن

بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادەوەریی میژوویی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە 25ی ئەیلوولی 2017 و بیرهێنانەوەی، کۆمیتەی هاوکاری حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لەگەڵ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە نەرویژ گردبوونەوەیەک لەبەردەم بالەخانەی پەرلەمانی نەرویژ لە ئۆسلۆی پایتەخت سازدەکەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی ئاساییدا

بە قاچاغبردنی نەوت و چەند پرسێکی دیکە تاوتوێ دەکات

پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتنی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەم ساز دەکات و تێیدا چەند بابەتێکی گرنگ تاوتوێ دەکات. دانیشتنەکە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی سبەی ساز دەکرێت و تێیدا ڕاپۆرتێک لەبارەی سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغدا و بەشداریکردنی لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا، دەخرێنە بەر باس. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

وەزیری تەندروستیی عێراق دەستی لە کارکێشایەوە

وەزیری تەندروستی و ژینگەی عێراق، عەلائەدین عەلوان نامەی دەستەلەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کرد.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ئەحمەد تورک: ئەوەی باسی پرسی کورد بکات دەستگیر دەکرێت

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ئەمەریکا نهێنیی هێرشەکە ئاشکرا دەکات

لە عێراقەوە هێرش دەکرێتە سەر سعوودیە

(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل5 بخوێنەوە)





مانگی داهاتوو وەزیری دەرەوەی رووسیا لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆدەبێتەوە

نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە رووسیا رایگەیاند، مانگی داهاتوو وەزیری دەرەوەی رووسیا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆدەبێتەوە. دکتۆر خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە، بڕیارە مانگی داهاتوو، 7ی10ی2019 وەزیری دەرەوەی رووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ بە سەردانێکی فەرمی سەردانی عێراق و کوردستان بکات و لە سەردانەکەیشیدا لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە.

خۆشەوی ئاماژەی بەوەش کردووە کە رووسیا پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ کوردستاندا هەیەو ئامانجی سەرەکیی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی رووسیاش، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ پەیوەندیی ئابووری و ئالوگۆڕی بازرگانییە.

نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ولاتی رووسیا راشیگەیاندووە، لەو سەردانەیدا بۆ هەولێر، وەزیری دەرەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە.



سەرجەم حزبەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی کەرکووک و چەند پرسێکی گرنگ کۆدەبنەوە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد، سەرجەم حزبەکانی کوردستان کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن. خەسرەو گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەم هەفتەیە حزبەکانی کوردستان بۆ پرسی کەرکووک و چەند پرسێکی گرنگ، "کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەین.

ئەندامەکەی سەرکردایەتیی پارتی جەختی کردەوە، ڕۆژی دووشەممە 16ی9ی2019 بەغدا وەڵامی تانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی یاسای هەڵبژاردن دەداتەوە و ئەگەر هەڵبژاردن دوانەکەوێت، ئەوا پارتی پێیوایە کە یەکدەنگیی کوردستان گرنگە. ئەم کۆبوونەوە فراوانەی حزبە کوردستانییەکان دەبێتە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرجەم حزبەکانی کوردستان کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ئەیلوولی سالی 2018ەوە تاوەکوو ئێستا ئەنجام بدرێت.

سەفین دزەیی:

دۆخێکی ئەرێنیی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروستت بووە



K24/ سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: کەشوهەوایەکی ئەرێنیی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروستبووە. لەو چوارچێوەیەش، بڕیارماندا سەردانی بەغدا بکەین و لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق، نوێنەرانی کورد لە بەغدا و وەزیری دەرەوەی کۆبوونەوە. لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گوتی: لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، بڕیاردرا لیژنەیەک لەبارەی بودجە و نەوت پێکبهێنرێت تاوەکو هەرێمی کوردستان شایستە داراییەکانی بۆ ساڵی 2020 لە بودجەی عێراق مسۆگەر بکات.

لە باسکردنی گۆڕنکاریی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، سەفین دزەیی ڕایگەیاند: کارنامەکانمان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە و دەمانەوێت ژمارەی نوێنەرایەتییەکانمان زیاد بکەین و ئالوگۆڕیش لە پۆستەکاندا دەکەین.



رووبەڕووبونەوەیەک لە فراکسیۆنی پارتییەوە

لە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنی بەناو ئەهلی هەواڵێکی بێ بنەما لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگاری نوێی هەولێر بڵاوکراوەتەوە، گوایە فراکسیۆنی پارتی ئامادەنەبووە دەنگ بە کاندیدی پارتی بۆ پۆستی پارێزگاری هەولێر بدات، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر سەرلەبەری ئەو هەواڵ و زانیارییانە ڕەتدەکەینەوە و جگە لە زانیاری هەڵبەستراو هیچ ڕاستییەکی تێدانییە، چونکە پرۆسەی هەڵبژاردنی بەڕێز دکتۆر فرسەت سۆفی بۆ پۆستی پارێزگاری هەولێر بە شێوەیەکی زۆر دیموکراسی و یاسایی بەڕێوەچوو و زۆربەی فراکسیۆنەکانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەنگیان بە کاندیدی پارتی داوە.

فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر نوێنەری هاوواڵتیانی سنووری پارێزگای هەولێرە و پابەندە بە هەموو فەرمانەکانی سەرووی خۆی، هەر فەرمان و بڕیارێک لە لایەن سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتییەوە دەربچێت فراکسیۆن پێوەی پابەندە، ئێمە دەزانین هەندێ خەڵک و دەزگای ڕاگەیاندن خەون بە پەرتبوونی پارتییەوە دەبینن، بەڵام پارتی هەر بە بەهێزی دەمێنێتەوە و نێو مالی پارتی بە هەواڵی بێ بنەما تێکناچێت، بەپشتیوانی جەماوەری پارتی و کوردستان ئەو خەونەی ناحەزانمان نایەتە دی.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر

مووچەی هەموو هێزەکان یەک دەخرێت و دواتر زیاد دەکرێت

لیژنەی پێشمەرگە: هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی دوور لە ئینتیمای حزبی



هەنگاوەکانی یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە دەستپێکردووە و ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگەش لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانی. ڕێڤینگ هەرووری، ئەندامی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە ئێستادا وەزارەت بە هەماهەنگیی هاوپەیمان سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەن و بڕیارە لەو چوارچێوەیەدا هێزێکی نیشتیمانیی یەکگرتوو هەموو لە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدا دروست بکرێت و هەنگاوەکانیش دەستیان پێکردووە.

ئەندامەکەی لیژنەی پێشمەرگە گوتیشی: لەگەڵ تەواوبوونی پلانی وەزارەتی پێشمەرگە، هیچ هێزێک لە دەرەوەی سیستەمی وەزارەت نابێت و ئیدی هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی دوور لە ئینتیمای حزبی و هەتا لە ڕووی پێداویستی و جلوبەرگیشەوە یەک سیستەم پەیڕەو دەکرێت.

پەیوەست بە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەش، هرووری دەڵێت: لە ماوەیەکی نزیکدا دەرمالە و پارەی بڕوانامە بۆ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە خەرج دەکرێت و لە دوو لاوە کارکردن لەسەر مووچەی پێشمەرگە دەستی پێکردووە، کە مووچەی هەموو هێزەکان یەک دەخرێت و دواتر زیاد دەکرێت. دەشڵێ: باوەڕم وایە بۆ ساڵی نوێ هێزی پێشمەرگە مووچەیان یەک دەخرێت و زیادیش دەکرێت.

ئا/قائید میرۆ

د. بێوار خنسی: هەرێمی کوردستان بە مەرج دەنگ بە پرۆژەیاسای نەوت و گازی عێراق دەدات



لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بڕیار درا داوا لە حکوومەتی بەغدا بکرێت چەند پرۆژەیاسایەک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بنێردرێت تا دەنگیان لەسەر بدرێت. ڕاوێژکاری کاروباری وزەش لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کوردستان بە مەرج دەنگ بە پرۆژەیاسای نەوت و گازی عێراق دەدات.

د. بێوار خنسی، ڕاوێژکاری کاروباری وزە لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە سەردانەکانی ئەم دواییەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جەخت لەوە کراوەتەوە، کە دەبێت بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز بە شێوەیەک بێت، مافی تەواوی هەرێم و پارێزگاکان دابین بکرێت و یاساکەش لەگەڵ سیستەمی فیدراڵیدا بگونجێت. خنسی ئاماژەی بەوەش داوە: کورد داواشی کردووە کە ئەنجومەنی ئیتحادی بۆ کاروباری نەوت و گاز دابمەزرێت، بە جۆرێک کە دەسەڵاتەکانی لە سەرووی وەزارەتی نەوت بێت و سەرجەم لایەن و پارێزگا و هەرێمەکان نوێنەریان تێیدا هەبێت، بۆ ئەوەی داهاتی نەوت بە شێوەیەکی شەفاف و یەکسانانە لە خزمەتی هاوواڵتیاندا خەرج بکرێت.

ڕاوێژکاری کاروباری وزە لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە، دەبێ یاساکە بە جۆرێک بێت، کە ڕێگری بکات لە بەهەدەردانی سامانی گازی سرووشتیش، کە سالانە بە بەهای زیاتر لە 12 ملیار دۆلار گاز دەسووتێت لەگەڵ دەرهێنانی نەوتدا، کەچی عێراقیش ناچارە گاز بکڕێت، بۆیە پێویستە مافی هەموو پارێزگاکان بە شێوەیەکی یەکسان بدرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خاتوو ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جەختیان لە هەماهەنگیی و کاری پێکەوەیی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەوریی نێوانیان کردەوە.

دوێنێ یەکشەممە 2019/9/15 دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا کاری پەرلەمانی و گرنگیدان بەو یاسایانەی پێگەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکەن، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و گرنگیی هەماهەنگیی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، بەردەوامیی پرۆسەی چاکسازی و سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

نووسینەوەی دەستوور بە شێوەیەک کە مافەکانی تەواوی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان زامن بکات، تەوەرێکی گرنگی کۆبوونەوەکە بوو. تیایدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی لایەنەکان بکات و هەوڵی سەرخستنی پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور بدات.

ئەوەی باسی پرسی کورد بکات دەستگیر دەکرێت

ئەحمەد تورک: حکوومەتی تورکیا هەموو دەرگاکانی دیالۆگی داخستووە



K24/ ئەحمەد تورک رایدەگەیەنێت، حکوومەتی تورکیا هەموو دەرگاکانی دیالۆگی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد داخستووە. ئەحمەد تورک، سەرۆکی لەکاردوورخراوەی شارەوانی مێردین بە رۆژنامەی "ئەحوال"ی رایگەیاندووە "حکوومەتی تورکیا بە هێرشەکانی بۆ سەر کورد، ئەوەمان پێدەڵێت کە سەرجەم دەرگاکانی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد داخراون".

لەبارەی دانانی قەیومەکانیشەوە ئەحمەد تورک ئاماژە بەوە دەکات، بە هەر شێوەیەک بێت چالاکییەکانیان فراوانتر دەکەن و بەرەنگاری سیاسەتی دانانی قەیومەکان دەبنەوە.

ئەحمەد تورک دەشڵێت: حکوومەتی تورکیا لەژێر کۆنترۆڵی مەهەپە و چەند کەسایەتییەکی نەتەوەپەرست و نەژادپەرست دایە و ئەوەی باسی پرسی کورد بکات دەستگیر دەکرێت.

پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی ئاساییدا بە قاچاغبردنی نەوت و چەند پرسێکی دیکە تاوتوێ دەکات



پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتنی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەم ساز دەکات و تێیدا چەند بابەتێکی گرنگ تاوتوێ دەکات. دانیشتنەکە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی سبەی سێشەممە 2019/9/17 ساز دەکرێت و تێیدا ڕاپۆرتێک لەبارەی سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغدا و بەشداریکردنی لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ ژمارەیەک پێشنیازەیاسا و خستنەڕووی بیرۆکەی هێڵیدار ئەحمەد، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، دەخرێنە بەر باس.

دەقی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی پەرلەمان:

بەپێی حوکمی برگەکانی (یەکەم، دووەم) لە مادەی (16)و برگەی (سێیەم) لە مادەی (18)و برگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لەمادەی (20) و مادەکانی (47، 48، 52، 55، 56، 57)لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عیراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ((1ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی 2019/9/17 بەمشێوەیە بێت:

یەکەم: خستنەڕووی ڕاپۆرتێک سەبارەت بەسەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیا و شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندیی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی (79،80،82)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

1- هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

2- پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بە نەوت و بەڕووبوومەکانی ژمارە (41)ی ساڵی 2008).

3- پێشنیازەیاسای بەرکارکردنی یاسای فیدرالیی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان ژمارە (11)ی ساڵی 2010ی هەموارکراو).

4- پێشنیازەیاسای (ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان).

5- پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدرالیی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (78)ی ساڵی 2012).

6- پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئالوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (18)ی ساڵی 2008ی هەموارکراو).

7- پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان ژمارە (9)ی ساڵی 2006).

سێیەم: خستنەڕووی بیرۆکەی ئەندامی پەرلەمان (هێڵیدار ئەحمەد سلێمان) سەبارەت بە (ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان) بەپێی خاڵی (2)ی برگەی (یەکەم) لە مادەی (49)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

هێمن هەورامی پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات

هێمن هەورامی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی هەڵبژاردنی ڕێکخەر و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی لە بزووتنەوەی گۆڕان کرد.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە 14ی9ی2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەبۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی وەک ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەکە، پیرۆزبایی لە عومەری سەید عەلی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا دووپات لە کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم هێزە سیاسییەکان بۆ خزمەتکردنی زیاتری کوردستانیان و هەنگاوەکان و پشتیوانییەکان بۆ پرۆسەی یاسایی و چاکسازی کرایەوە.

پەرلەمانی کوردستان لە کەموکوڕیی مەرزەکان دەکۆڵێتەوە

جێگری لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، لیژنەیەک لە پەرلەمانی کوردستان دروست کراوە بۆ ئەوەی لە کەموکوڕیی مەرزەکان بکۆڵێتەوە. سەعید هەرکی، جێگری لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: دوو پەرلەمانتاری کوردستان لە میانەی لێکۆڵینەوەیان لە کاری چەند مەرزێک، ئەوەیان باس کردووە کە هەندێ کەموکورتی ئیداری و گەندەڵی لە گرێبەستەکان و کاری کۆمپانیاکان کە لەوێ کار دەکەن هەیە و بە ڕاپۆرت داویانەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان.

هەرکی گوتیشی: لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیشەوە داوا لە ئێمە وەک لیژنەی دەستپاکی کراوە کە لێکۆڵینەوەی ورد لەو بابەتە بکەین، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی لاوەکیمان پێکهێناوە و دوای کاری پێویست، سەردانی مەرزەکان دەکەین و لە نزیکەوە لەو خاڵانە دەکۆڵینەوە کە لە ڕاپۆرتی دوو پەلەمانتارەکەدا ئاماژەیان پێکراوە و دواتر بۆ ڕای گشتی ئاشکرای دەکەین.

سلێمانی.. پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ 20 ملیار دینار دەکات



لیژنەی ڕۆشنبیری، کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش لە پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە پرسی خەرجکردنی 20 ملیار دیناری سالانەی تایبەت بە شاری سلێمانی، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشبیری سلێمانییان کرد. دوای دانیشتن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرسە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ئەنجامدرا. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بابەکر دڕەیی گوتی: دڵخۆشین بە هاتنی ئەم لیژنەیە و پابەندین بە هاوکاریکردنیان و دڵنیایین پێکەوە کاری باشمان کردووە. بابەکر دڕەیی باسی لەوەش کرد ئەو پارەیە بەشێکی بۆ ژێرخانی ڕۆشنبیری و چالاکی کولتووری خەرجکراوە و بەشێکی تری لە بانک دایە. لە ساڵی 2013 بڕی 20 ملیار دیناری عێراقی بۆ شاری سلێمانی تەرخان کرا بە مەبەستی گەشەپێدانی ژێرخانی کولتووری و ڕۆشنبیری ئەو شارە. سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش لە پەرلەمانی کوردستان، لوقمان وەرتی گوتی: هاتووین بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو 20 ملیار دینارەی لە ساڵی 2013 بۆ ژێرخانی کولتووری شاری سلێمانی تەرخان کراوە. لوقمان وەرتی باسی لەوەش کرد وەکو لیژنەکە سەرنج و تێبینی خۆیان هەیە و لە ڕۆژانی داهاتوودا دەچنە نێو وردەکارییەکانەوە.



شاندێکی سەندیکای کرێکارانی بەریتانیا سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد

هۆشیاری سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازیی لە سایمۆن دوبینس، بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەندیکای کرێکارانی بەریتانیا و شاندی یاوەری کرد. سەندیکای کرێکارانی بەریتانیا یەکێکە لە بەهێزترین و کاریگەرترین رێکخراوەکانی ئەو وڵاتە و پێگەیەکی بەهێزی لە سیاسەتی ئەو وڵاتەدا هەیە، کارەکانی تەنیا بریتی نییە لە هاوکاری و چاودێریی سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرانبەر بە کرێکارن، بەڵکو فرەوانترە و لۆبیی بەهێز دەکەن بۆ گەشەسەندنی سیاسەت و یاسای مۆدێرن لە جیهاندا بۆ پشتگری لە نەتەوە و رێکخراوە جیهانییەکان، بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی.

سەرەتا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەو سەردانە و هیوای خواست کە بتوانن پشتیوانی لە رێکخراوە ناحکوومی و مەدەنییەکانی کوردستان بکەن و لەو رێگەیەوە خزمەتی زیاتر بە کوردستان بکەن و ببنە پردێکی بەهێزی پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوەکانی کوردستان و بەریتانیا و جیهان. لە درێژەی دیدارەکەشدا باس لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی کرا، بەتایبەتی ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیانە و، بەرێز سیوەیلی لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: بەهۆی وابەستەبوون و پەیوەندیی نزیکی نێوان گەلانی ناوچەکە، هەر گرژی و ئاڵۆزییەک کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت.

بە شێکی دیکەی دانیشتنەکە گفتوگۆ بوو لەسەر شەڕی داعش و هۆکاری و دەرهاویشتەکانی کە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراون و مەترسیی زۆریش هەیە کە نەوەیەکی دیکەی تووندڕەو بەرێوە بێت کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە.

لای خۆیەوە بەرێز سایمۆن سوپاسی ئەو دەرفەتەی کرد و سەرسامیی خۆی پێشان دا لەمەڕ ئەو بەرەوپێشەوەچوونە ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاساییانەی کە لە هەرێمی کوردستان بووە و لە لایەن حکوومەت و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پشتیوانی دەکرێت. بەرێزیان دووپاتی هەڵوێستی نەگۆڕی خویانی کردەوە بۆ پاڵپشتیکردن و بەرەوپێشەوەچوونی هەرێمی کوردستان و دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و، ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادەن بۆ هەموو پشیوانییەک لە رێکخراوە ناحکوومی و مەدەنییەکانی هەرێمی کوردستان و هیوای خواست کە هەموان بتوانن لە رێگایەکی ئارام و تەندروستەوە پشتیوانیی ئەو بۆچوونە بکەن کە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن تەنیا رێگایە بۆ گەیشتن بە ئاشتی. بەرێز دۆبینس، ڕەوشی ناوچەکەی بە ناسک و دژوار وەسف کرد و ڕایگەیاند، کە ئەوان ئومێدەوارن باردۆخی ناوچەکە گرژیی زیاتر بەخۆوە نەبینێت، کە ببێتە هۆکاری لێقەومانی زیاتری خەڵکی مەدەنی. بەرێزیان پێگەی هەرێمی کوردستانی بە کاریگەر ناو برد و هیوای خواست کە هەرێمی کوردستان بتوانێت بەردەوام بێت لە بەرەوپێشەوەچوون و چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و، ئەوانیش پاڵپشت دەبن.

ڕەوەندی کورد لە تاراوگە ئامادەکاری بۆ ساڵیادی ڕیفراندۆم دەکەن



ساسان دەروێش/هۆڵەندا:

بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادەوەریی مێژوویی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە 25ی ئەیلوولی 2017 و بیرهێنانەوەی، کۆمیتەی هاوکاری حزب و رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لەگەڵ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە نەرویژ گردبوونەوەیەک لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی نەرویژ لە ئۆسلۆی پایتەخت سازدەکەین، بۆ ئەمەش مۆڵەتی گردبوونەوەکەمان وەرگرتووە کاتەکەشی کاتژمێر 4 و نیو بۆ کاتژمێر 6ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە 2019/9/25 لەبەردەم پەرلەمانی نەرویژ دەبێت.

محەمەد ئەسکەندەر ئەوەشی گوت: سەرجەم حزب و رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لەگەڵ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە نەرویژ بۆ ئەم یادکردنەوەیە کە ڕەوەندی کورد بەشێکی گرنگ بوون بۆ پاڵپشتیکردنی گردبوونەوەیەک لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی نەرویژ دەخوێندرێتەوە، بەهیوام هەموولایەک بەشدارین و ئەم یادەوەرییە بەرز و پیرۆز ڕابگرین لەبەردەم کۆمەڵگەی بیانی.

– گردبوونەوەیەک لە شاری ئەمستردام

هەروەها دیندار کۆچەر کارگێڕو بەرپرسی ڕاگەیاندنی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی لەبارەی خۆ ئامادەکردنیان بۆ ئەم یادە پیرۆزە بۆ خەبات گوتی: بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادەوەری ئەو ڕۆژە میژوویییەی گەلی کورد کە تێکڕا دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان داو ڕەوەندی کورد لە تاراوگە بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەم پرۆسە پڕ دیموکراسییە دەربڕی و پەیامی گەلێکی زوڵملێکراویان گەیاندە پایتەختەکانی دنیا بۆ ئەوەی لە هزروبیری نەوەی نوێدا ئەم یادەوەرییە کاڵ نەبێتەوە، لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی بەهاوکاری ئەندامانی و هەموو رێکخراوە تێکۆشەرەکانی لە شاری ئەمستردام، لە پارکێکی پڕ لە سەوزایی گردبوونەوەیەکی خێزانی لە ژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئەنجام ئەدەین بۆ پیرۆزبایی کردن لە یەکتر و پەیامێک بێت بۆ ئەم وڵاتە کە کورد لەسەر مافی خۆی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی سوورە و بۆ ئەم یادەش خۆشحاڵ دەبین کە زۆرترین کورد بەجلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگی کوردەواری و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەشدارین لە ڕۆژی شەممە 2019/9/21 لە کاتژمێر 12ی پاشنیوەڕۆ لەم ناونیشانە کۆدەبینەوە:



دووچاری ژمارەیەک بەربەست بۆتەوە و هەڕەشەی لێکراوە

وەزیری تەندروستیی عێراق دەستی لەکارکێشایەوە



وەزیری تەندروستی و ژینگەی عێراق، عەلائەدین عەلوان نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کرد. عەلوان لە نامەکەیدا کە ئاراستەی عادل عەبدولمەهدی کردووە و لە میدیاکانی عێراقدا بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بەوە داوە کە دووچاری ژمارەیەک بەربەست بووەتەوە و هەڕەشەی لێکراوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا و بەم هۆیەوە لە ئەرکەکەی بەردەوام نابێت و، دەستلەکاردەکێشێتەوە. جێی باسە عەلوان لە شوباتی 2018 هەر لەبەر ئەم هۆکارانە جارێکی دیکە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشکرد بەو، بەڵام لەلایەن سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدییەوە داواکارییەکەی ڕەتکرایەوە.



ڕێوڕەسمێک بۆ بەخاکسپاردنی ڕۆبرت مۆغابی سەرۆکی زیمبابوێ بەڕێوەچوو کە هەفتەی رابردوو لەتەمەنی 95 ساڵی کۆچی دواییکرد

بە بەشداریی هەرێمی کوردستان

کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ سەرژمێری لە عێراق بەڕێوەچوو

دوێنێ لە بەغدا بە ئامادەبوونی وەزیری پلاندانانی عێراق و ئەنجومەنی باڵای سەرژمێریی عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو و هەندێ خاڵی کۆبوونەوەی یەکەم باسیان لەبارەوە کراوە و باسی ئامادەکارییەکان کرا. ئاماژەی بەوەش کرد: لە کۆبوونەوەکەدا لەبارەی دامەزراندنی لیژنە لاوەکییەکانی سەرژمێری لەسەر ئاستی پارێزگا و وەزارەتەکان قسە کرا، هاوکات باسی بوودجەی ئەو پرۆسەیە کرا کە لەڕووی فۆرمەوە چیی تێدا باس بکرێت ، هاوکات پەسەندکردنی لۆگۆی سەرژمێری کە ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێت بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

سیروان محەمەد گوتیشی: پرۆسەی سەرژمێریی ئەمجارە بە شێوازی ئەلکترۆنی دەبێت و پرۆسەیەکی فراوانە و دەبێ بە وردی کاری لەسەر بکرێت و لەڕووی سیاسی و نەتەوەییشەوە ئەو بابەتە پەیوەندیی بە لێژنەی باڵای پرۆسەی ڕاپرسییەوە نییە، بەڵکو لیژنەیەکی دیکەی بۆ دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە و هاوکات لەبەرچاوگرتنی ڕا و سەرنجی پێکهاتەکان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق.

دوایین جار ساڵی 1997 سەرژمێری گشتی لە عێراق ئەنجام درا کە ناوی 19 ملیۆن کەس بەبێ هەرێمی کوردستان تۆمار کران، لە ساڵانی 2007 و 2010 هەوڵی سەرژمێری لە عێراق درا، بەڵام پرۆسەکە شکستی هێنا، ئێستاش حکوومەتی عێراق دەیەوێت بە بودجەی 200 ملیار دینار، سەرژمێری لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدات، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیربوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی ئەو ناوچانە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و ئاوارەبوونی زۆرێک لە دانیشتوانی کورد، نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەوە دایە تاکوو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنیی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێنەوە، دوای ئەوە سەرژمێری بکرێت.

ئەمەریکا نهێنیی هێرشەکە ئاشکرا دەکات

لە عێراقەوە هێرش دەکرێتە سەر سعوودیە

بەڕێوەبەری کەناڵی ئەلحورە: دەسەڵاتدارانی بەغدا توانایان نییە گرووپ و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بوەستێنن

تەمپ بۆ محەمەد بن سەلمان: ئەمەریکا ئامادەیە بۆ پشتیوانیکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی سعوودیە



خەبات/زانکۆ جاف:

دوای ئەوەی دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئارامکۆی سعوودیە کرانە ئامانج، سەرەتا گومان لەسەر حوسییەکانی یەمەن هەبوو، بەڵام ئێستا پەنجەی تۆمەت بەرەو ئێران ڕادەکێشرێت و دەگوترێت ڕەنگە لە عێراق یان ئێرانەوە هێرشەکە ئەنجام درابێت. سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکیش ڕایدەگەیەنێت، کە ئەو فڕۆکانەی دامەزراوەیەکی کۆمپانیای ئارامکۆی سعوودیبان بۆردومان کرد، لە عێراقەوە نێردرابوون. لای خۆیەوە نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەتیدەکاتەوە خاکی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی دژی دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیە بەکارهێنرابێت.

بەئامانجگرتنی سعوودیە

دوای ئەوەی دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئارامکۆی سعوودیە کرانە ئامانج، سەرەتا گومان لەسەر حوسییەکانی یەمەن هەبوو، بەڵام ئێستا پەنجەی تۆمەت بەرەو ئێران ڕادەکێشرێت و دەگوترێت ڕەنگە لە عێراق یان ئێرانەوە هێرشەکە ئەنجام درابێت. ڕۆژنامەی وۆڵستریت جۆرنالی ئەمەریکی، لەزاری چەند بەرپرسێکی وڵاتانی کەنداوەوە ئاشکرای کردووە، کە شارەزایان تاووتوێی ئەگەری هێرشکردن بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئارامکۆ بە موشەکی جۆری کروز لە عێراق یان ئێران، دەکەن.

ڕۆژنامەکە لە چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە حکومەتی سعوودیە ئاشکرایکرد، بەرپرسە ئەمەریکییەکان گومانیان هەیە لە ئەنجامدانی هێرشەکە لەلایەن حوسییەکانەوە و زیاتر بە ئاراستەی ئەوە دەڕۆن، کە هێرشەکان یان لە عێراق یان لە ئێرانەوە ئەنجامدرابن.

هێرشەکە چۆن ئەنجامدراوە؟

سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی ڕایدەگەیەنێت، کە ئەو فڕۆکانەی دامەزراوەیەکی کۆمپانیای ئارامکۆی سعوودییان بۆردومان کرد، لە عێراقەوە نێردرابوون. ئەلبێرتۆ میگوێل فێرناندیز، دیپلۆماتی پێشووی ئەمەریکا و بەڕێوەبەری ئێستای کەناڵی (ئەلحورە)، لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، ڕایگەیاندووە، دەسەڵاتدارانی بەغدا توانایان نییە گرووپ و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بوەستێنن. ئەلبێرتۆ میگوێل فێرناندیز هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانانەی دامەزراوە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سعوودیەیان بۆردومان کرد، لە عێراقەوە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ئاراستە کرابوون.

عێراق ڕەتیدەکاتەوە

نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەتیدەکاتەوە خاکی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی دژی دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیە بەکارهێنرابێت. نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: عێراق ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە لە ژمارەیەک میدیای ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا بڵاوکراونەتەوە و باس لەوە دەکەن خاکی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیە بەکارهێنراوە، عێراق تەئکیدی دەکاتەوە پابەندە بە دەستوور و ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی خاکەکەی دژی وڵاتانی دراوسێ و براو و هاوڕێی، حکوومەتی عێراق بەتوندی ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە دەیانەوێت دەستوور پێشێل بکەن. هەر لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، لێژنەیەکی عێراقیی پەیوەندار بۆ چاودێریی زانیاریی و پێشهاتە نوێیەکان پێکهێنراوە، داوا لە هەموو لایەنەکانیش دەکەین دەست لە هێرشکردنە سەر یەکتری هەڵگرن تا نەبێتە هۆی زیانی گەورەی گیانی و مادیی بۆ سەر دامەزراوەکان. ئەو ڕونکردنەوەیەی عێراقیش پاش ئەوەهات کە ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی بڵاویکردەوە، شارەزایانی ئەمەریکی و سعوودیی لێکۆڵینەوە لە هێرشی سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئارامکۆ دەکەن و پێیانوایە ئەگەری هەیە مووشەکەکان لە عێراق یان ئێرانەوە ئاراستەی سعوودیە کرابن. ئێرانیش تۆمەتەکانی ئەمەریکا لەسەر تێوەگلانیان ڕەتدەکاتەوە.

ئێرانیش ڕەتیدەکاتەوە

پاش ئەوەی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کەلە پشت هێرشەکان بۆ سەر کۆمپانیا نەوتییەکانی سعوودیەیە، ئەمڕۆ گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، ئاشکرای کرد کە گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران گەیشتوونەتە ئاستی داتاشینی درۆ. عەباس موسەوی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند: ئەو جۆرە تۆمەت و لێدوانە بێ بنەما و ئەنجامانە لە چوارچێوەی دیپلۆماسیدا هیچ جێگەیەکیان نییە و بێ مانان و ئامانجدار و داتاشراون. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران گوتیشی: ئەو جۆرە هەوڵ و لێدوانانە زیاتر چەشنی پلانی ڕێکخراوە نهێنی و هەواڵگرییەکانن بۆ ڕووشاندن و ناشیرینکردنی سیمای وڵاتێک کە ئامانجیان ڕێگەخۆشکردنە بۆ هەندێ هەوڵی هاوشێوە لە داهاتوودا و لەمبارەوە ئەمەریکییەکان ئەوپەڕی گوشاریان لەدژی ئێران گرتووەتە پێش و بۆ ئەم مەبەستەش دەستەوداوێنی درۆ بوون".

سعوودیە بەرهەمهێنانی نەوتی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرت

وەزیری وزەی سعوودیە، شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان ڕایگەیاند کە بە هۆی ئەو هێرشەی لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە کرایە سەر دوو کارگەی نەوتی سەربە کۆمپانیای نەوتی سعوودیە (ئارامکۆ) بە شێوەیەکی کاتی بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو پالاوگەیە ڕادەگرن. شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان بە ئاژانسی فەرمی هەواڵیی سعوودیەی ڕاگەیاندووە کە بە هۆی ئەو هێرشەی لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە کرایە سەر کارگەکانی بقیق و هەجەرەت خرێس سەربە کۆمپانیای نەوتی سعوودیە (ئارامکۆ) بە شێوەیەکی کاتی بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو کارگەیە ڕادەگرن. ئەو بڕشایی بەرهەمهێنانەش لە ڕێگای نەوتی عەمبارکراوەوە پڕدەکەنەوە. وەزیری وزەی سعوودیە ئاماژەی بەوە داوە کە بەپێی زانیارییە بەردەستەکان ئەو تەقینەوانەی لە ئاکامی هێرشەکەوە ڕوویانداوە بووەتە هۆی وەستاندنی دەرهێنانی پێنج ملیۆن و 700 هەزار بەرمیل نەوتی خاو. شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان ئاماژەی بەوە داوە کە بە هۆی هێرشەکەوە کێشەی کەمی سووتەمەنی لە بازاڕەکانی ناوخۆ ڕووبنەداوە و کارەکانی دیاریکردنی زیانەکانی کۆمپانیاکە بەردەوامن.

تەمپێش هاتە سەر خەت

هەر سەبارەت بە ڕووداوەکە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەمپ پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعوودیە، محەمەد بن سەلمان ئەنجامداوەو تەمپ لەمیانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ڕایگەیاندووە کە ئەمەریکا ئامادەیە هەماهەنگی لە هەر پرسێکدا بکات بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی سعوودیە و جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر دوو دامەزراوەی گەورەی نەوتی سعوودیە بە شێوەیەکی نەریتی کاری لە ئابووری ئەمەریکا و جیهان کردووە.

یەکێتی ئەورووپا هۆشداری دەدات


هەروەها یەکێتی ئەورووپا هۆشداری دا لەوەی کە هێرشکردنە سەر دوو کارگەی نەوتی سەربە کۆمپانیای نەوتی سعوودیە (ئارامکۆ) هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە دەکات و داوای لە لایەنەکان کرد نەرمی بنوێنن. نووسینگەی نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری دەرەوە و سیاسەتی دەرەکی، فێدێریکا مۆگەرینی ڕایگەیاند هێرشەکەی ڕۆژی شەممە بۆ سەر دوو کارگەی نەوتی سەربە کۆمپانیای نەوتی سعوودیە (ئارامکۆ) لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە دەکات. لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی لە کاتێکدا گرژییەکانی ناوچەکە لە تەشەنەسەندان، ئەنجامدانی هێرش زیان بە هەوڵەکان دەگەیەنێت بۆ دانوستان و گفتوگۆ لە پێناو هێورکردنەوەی گرژییەکان. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا بە پێویست زانراوە ئەنجامدەرانی هێرشەکە دەستنیشان بکرێن و جەختیش لە سەر داواکاری یەکێتیی ئەورووپا کراوەتەوە تاکو لایەنەکان نەرمی بنوێنن.

لە بارەی خەرجییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە دهۆک، وەزارەتی ناوخۆ ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی نووسراوێکی بڵاودەکاتەوە کە ئاراستەی پارێزگای دهۆک کراوە و تایبەتە بە خەرجییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لە دهۆک .

لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە «پارێزگاکان لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە نووسراو ئاراستەی وەزارەتەکان دەکەن . ئەم نووسراوەش هی سەردەمی کابینەی هەشتەمە کە پارێزگای دهۆک داوای ڕەزامەندی کردبوو لە وەزارەتی دارایی و، وەزیری پێشووی دارایی داوای کردبوو لە سەر بودجەی پارێزگا پارەکە خەرج بکرێت. بەڵام پارێزگای دهۆک وەڵامی نووسراوەکەی دابووەوە کە بودجەی پێویستیان نییە . بۆیە دواتر لەلایەن وەزارەتی دارایی‌یەوە ڕەزامەندی وەرگیراو لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە پارێزگای دهۆک ئاگادار کراوەتەوە لە ڕەزامەندییەکە.

واتا وەزارەتی ناوخۆ پارەکەی خەرج نەکردووە بەڵکو تەنیا پارێزگای دهۆکی لە ڕەزامەندییەکە ئاگادار کردووەتەوە» .



میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەوڵی ڕفاندنی پەرلەمانتارێک دەدەن

پەرلەمانتارێکی عێراقی ڕایدەگەیەنێت، کە میلیشیایەکی سەر بە حەشدی شەعبی هەوڵی ڕفاندنی ئەویان داوە. کازم سەیادی، پەرلەمانتاری عێراق بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، هەوڵی بەداواچوون و گوێگرتن لە کێشەکانی خەڵکی ناوچەی دۆرەی بەغدای داوە.

کازم سەیادی هەروەها ڕایگەیاندووە، لەو کاتەی ئەو بەدواداچوونی بۆ کێشەکانی خەڵک دەکرد، میلیشیایەکی حەشدی شەعبی بە 100ئۆتۆمبێلەوە ڕێگەیبیان لێ کردووە و هەوڵی ڕفاندنیان داوە. سەیادی ئاماژەی بەوەش کرد، کە لێژنەی نەزاهەی پەرلەمان لێژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لەو هەوڵەی ڕفاندنی پەرلەمانتار و کێشە دروستکردن بۆی، پێکهێناوە.

هێشتا 13 کەمپی تایبەت بە ئاوارەکان لە سنووری پارێزگای نەینەوا هەیە

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایگەیاند کە کەمپێکی ئاوارەکان لە باشووری پارێزگای نەینەوا داخراوە، ئەویش دوای ئەوەی سەرجەم ئاوارەکانی نیشتەجێی نێو کەمپەکە گەڕاونەتەوە بۆسەر زێدی خۆیان لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و ئەنبار. بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کاروباری لقەکان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، عەلی عەباس جیانگیر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە کەمپی جدعەی شەش سەربە ناحیەی گەیارە باشووری پارێزگای نەینەوا داخراوە، دوای ئەوەی سەرجەم خێزانە ئاوارەکان کە لەو کەمپەدا نیشتەجێبوون گەڕاونەتەوە بۆسەر زێدی خۆیان لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و ئەنبار.

عەلی عەباس جیهانگیر باسی لەوەشکردووە کە هێشتا لە سنووری پارێزگای نەینەوا، 13 کەمپی تایبەت بە ئاوارەکان هەیە و دانەخراون. ناوبراو ڕاشیگەیاندووە کە ژمارەیەکی زۆری خێزانی ئاوارەش لە کەمپی حاجی عەلی لە پارێزگای نەینەوا گەڕاونەتەوە بۆسەر زێدی خۆیان، بۆیە لە میانی چەند ڕۆژی داهاتوودا، کەمپەکە دادەخرێت، هەروەها کەمپی حەمام عەلی یەک لەگەڵ کەمپی حەمام عەلیل دوو دەکرێن بە یەک کەمپ، چونکە لەئێستادا ژمارەیەکی کەم خێزانی ئاوارە لەو دوو کەمپەدا ماون و نیشتەجێن.

لوبنان ... کەشتییەکی جەنگیی ئەمەریکی گەیشتە بەندەری بەیروت



باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەیروت ئەلیزابێس هۆڵزهاڵ ڕیچارد ڕایگەیاند، لەنگەرگرتنی کەشتیی جەنگیی ئەمەریکی USS RAMAGE هەڵگری پەیامێکی سیاسییە. بەپێی هەواڵێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی LBC لوبنانی، شەوی یەکشەممە کەشتیی جەنگیی ئەمەریکی USS RAMAGEلەبەندەری بەیروت لەنگەری گرتووە. جەخت لەوەش کراوەتەوە کە فەرماندەی هێزی پێنجەمی دەریایی ئەمەریکا جەیمس مالۆزی لەگەڵ هەندێک لە وەزیر و پەرلەمانتارانی لوبنانیدا لەسەر کەشتییەکە چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە.

هەروەها باڵیۆزی ئەمەریکا ڕیچارد لەڕوونکردنەوەیەکیدا ڕایگەیاندووە "لەنگەرگرتنی کەشتیی جەنگیی ئەمەریکی USS RAMAGE هەڵگری پەیامێکی سیاسییە"، بەڵام زانیاریی لەبارەی ناوەڕۆکی پەیامەکەوە نەداوە. ڕیچارد ئاماژەی بەوەش داوە، هەماهەنگییەکان لەگەڵ سوپای لوبنان تەنها بە هاوکارییەکانی واشنتۆنەوە سنووردار نییە و هاتنی ئەو کەشتییە دەریدەخات کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات گەیشتووەتە ڕەهەندێکی دیکە.

بەرپرسی لقی دوو: شۆڕشی مەزنی ئەیلوول جگە لە چەکداری شۆڕشێکی فیکریش بوو



بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی و ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دوو و بایز زراری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان و کارگێڕانی لقی دوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان و بەرپرسی لێژنە ناوچە و نووسینگەکانی سەر بە لقی دوو و هەڤاڵانی ئەو لێژنە ناوچەو نووسینگانەو جەماوەری شاری هەولێر، مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی دووی پارتی ئاهەنگێکی بەبۆنەی تێپەڕبوونی 58 ساڵ بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە بارەگای لق بەڕێوەبرد. لە بەرایی ئاهەنگەکەدا ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا باسی فاکتەرەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی نیشتیمانی، لە سەرووی هەموشیانەوە دەستکەوتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان. هەر بەو بۆنەوە پێشانگایەکی وێنەی ئەیلوولی کرد بە ڕێبەرایەتی باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر لە هەلومەرجێک کە گەلی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەناوچوون و سڕینەوە دەبۆوە، لەپێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، جەختیشی کردەوە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول تەنها شۆڕشێکی چەکداری نەبوو بەقەد ئەوەی شۆڕشێکی فیکری بوو، بۆیە هەمووان لە پێکهاتەو نەتەوەو ئایینی جیا هاتنە نێو شۆڕشەکەو بەیەک دەست و یەک ڕەنگ لەپێناو پرسێکی ڕەوا تێکۆشان و ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو شۆڕشە پێگەیی کە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە شەرعیەکان بوو لەگەڵ چەندین دەستکەوتی گەورەی فۆتۆیی وێنەگر مەحمود هەولێری کرایەوە کە گوزارشتی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و قارەمانیەتی پێشمەرگە نەبەردەکانی ئەو شۆڕشە مەزنە دەکرد.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی 200 خێزانی ئاوارەی گوندەکانی باڵەکایەتی دەکات



دوێنێ یەکشەمە دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوکاری و یارمەتی گەیاندە 200 خێزانی ئاوارەی بۆردوومانەکانی تورکیا لە گوندەکانی دۆڵی باڵەیان لە سنوری قەسرێی قەزای چۆمان. نێچیروان عەبدولواحید گوانی، بەرپرسی ئۆفیسی سۆرانی دەزگای خێرخوازی بارزانی بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: لەبەردەوامی کارەخێرخوازیەکانماندا هەستاین بە دابەشکردنی کۆمەکی سەرەتایی بەسەر 200 خانەواده لە گوندەکانی دۆڵی باڵەیان لە باڵەکایەتی، کە بەهۆی بۆردوومانی دوو ڕۆژی ڕابردووی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئاوارەبوون. هاوکات شاخەوان حوسێن، بەرێوەبەری ناحیەی قەسرێ بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: نزیکەی 200 خێزان لە گوندەکاندا بەهۆی بۆردوومان ژیانیان لە مەترسیدایە و زۆرینەشیان ئاوارەبوونە، ئەوەبوو لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی، لقی هەولێری مانگی سووری عێراقی هاوکاری گەیاندە ئەو ئاوارانە. سەبارەت بە ئەو پڕۆژانەی بەهۆی بۆردوومانەکە پەکیانکەوتووە، ناوبراو گوتی: ڕێگاوبان و تۆڕی کارەبای نیشتیمانیمان بۆ گوندەکان چاکردۆتەوە و بەرنامەیەکی چڕوپڕیش هەیە بۆ ئەوەی تەواوی پڕۆژەکان لەو گوندانە بکەونەوە سەر سکەی خۆی، بۆ ئەوەی ژیان بۆ گوندنشینان ئاسایی بێتەوە.

بەرپرسێ لقێ 9: شورشا مەزنا ئەیلولێ مللەتێ کورد ب دونیایێ ناساند



بەرپرسێ لقێ9 ل بەراهیکێ ئەڤ یادا پیروز ل تەڤایا جەماوەرێ کوردستانێ و ئەیلولێ ب ڕێبەرایەتیا پارتی و ب سەروکایەتیا بابێ ڕوحی یێ نەتەوا کورد بارزانییێ نەمر. دیسان بەرپرسێ لقێ9 گوت: شورەشا ئیلونێ کو درویشمێ خۆ ڕاگەهاند بوو دیموکراسی بۆ عیراقێ و ئوتونومی بۆ کوردستانێ و باش هزر ب هندێ دکر کۆ عیراقێ کێشا نەبوونا دیموکراسییێ هەیە و د وەلاتەکێ چەندین مللەت و ئول و ئایین تێدا هەبن و دیموکراسی یا بنەجھ نەبیت ئێمناهییێ بخوڤە ناگریت و هیچ مللەتەک ب مافێت ڕەوا نەمازە ل مالباتێن شەهیدێن سەربلند و پێشمەرگەهێن قەهرەمانێن شورشا مەزنا ئەیلولێ کرن ولدویڤ دا ب تێروتەسەلی ئاماژە دا هەلگیرساندنا شورشا مەزنا بەرپرسێ لقێ 9سازکر، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ و ڕاوەستان ڕێزگرتن ل گیانێ پیرۆزێ شەهیدێن ڕزگاریخوازیا کوردستانێ و سەرکاروانێ شەهیدان بارزانییێ نەمر و کاک ئیدریسێ هەردەم ساخ، ئەیلوولی ڤێ ئەڤرۆ ئەم ل ڤێرە کۆمبونا خۆ ل دۆر ڤێ ئالایێ ئازادی و سەربەخۆییا کوردستانێ ئەڤ ئالایە ئالایا هەمی کوردستانیانە ئالایا هەمی پارچێن کوردستانێ ئالایا هەمی ئەوێن ل کوردستانا ڕۆژهەلاتێ ژیان و خەبات دکن ئالایا هەمی ئەوێن ل باکوری کوردستانێ ژیان و خەبات دکن ئالایا هەمی ئەوێن ل ڕۆژئاڤا کوردستانێ ژیان و خەبات دکن ئالایا هەمی ئەوێن ل باشوری

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/9/16 ژمارە (5828)
خەبات



هۆکاری کەمی ئافرەت لە میدیادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ڕاپۆرت: پەریهان عومەر

لەم ڕاپۆرتە مەیدانییەدا باس لە کارکردنی ئافرەت دەکەین لەبواری میدیادا، کە بە بەراورد لەگەڵ زۆربی ژمارەی پیاوان لەم بوارەدا ڕێژەی ژنان هێشتا یەکجار کەمە و ئەوەیش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوەو ژمارەیەکیش لە میدیاکارانی کوردستان قسە لەسەر ئەو باسە دەکەن.



کامەران حاجی عومەر:
کرچوکاڵی بەشێک لەو ئافرەتانەی ئامانجیان پیشەی ڕاگەیاندن نەبووە، بوونە هۆکارێکی تر تا کۆمەڵگا سانسۆری زیاتریان بخاتەسەر



ئاڤان جاف:
هۆیەکانی کەمی ژنان لەنێو میدیا کلتوورە چونکە کلتوری میدیایت نییە، پاشان، کاری ڕاگەیاندن کارێکی ئاسان نییە



یاسر محەمەد:
پێموایە ڕێژەی ئافرەت لەنێو میدیای کوردی ئەگەر زۆرتر نەبێت کەمتریش نییە، بگرە بەڕێژەیەکی زۆر بوونیان هەیە



چنار نامیق:
کارێکی ئاسان نییە هەموو کەسێک، هەموو ژنێک بتوانێت بیکات، مەرج نییە هەموو کەسێک بتوانێت لەنێو میدیا کاربکات و سەرکەوتوبێت

ڕۆژنامەنووس ئاڤان جاف سەرنووسەری گۆڤاری ژن دەڵێت: تۆ دەتوانی بە بەدواداچوون و توێژینەوە ئەوە بسەلمێنیت، بەڵام ئەگەر لەمن ئەپرسیت، من ئەڵێم بەم ژمارە کەمەی ئێستا ئافرەتان لە میدیایە ڕۆڵی خۆیان بینیوە، توانیویانە وێستگەیەک دروستبکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیانی تێدا بگێڕن، یاخود ببنە سەکۆیەک بۆ ئەوەی پرسەکانی ژن بگوازنەوە، یان بەگشتی چونکە مەرج نییە ژن کە لەمیدیا ئیش بکات بۆ ژن کاربکات. ژنان ئەبێ زیاتر خۆیان پڕ زانیاری بکەن، بەشداری خول و گفتوگۆیانە بکەن کە ئاستی زانیارییان بەرزدەکاتەوە، شێوازی کارکردنیان بەرەو پێشەوە بەرن، بەهەموو شێوەک هەوڵدەن خۆیان پێبگەیەنن، لەبەر ئەوەی ژنێکی سەرکەوتو لەمیدیا دا هەبێت و ببێتە هۆی چەندین ژنی تر بەهۆی ئەوە بێتە ناو میدیاوە، بەژداری بکەن کە ئەوە زۆر زۆر گرینگە، هیوادارم ژنان لەیەک وێستگە نەمێننەوە، زیاتر هەوڵدەن کارەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، کاربکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان پیشان بەن، وێنەیەکی سەرکەوتو ژنێکی سەرکەوتو لە میدیای کوردیدا.

ئاڤان گوتیشی: ئەڵێی هۆی کەمی ئافرەت بۆچی دەگەڕێنیتەوە لەمیدیا، بەڕاستی میدیای کوردی ڕاستە کەنااڵی میدیای ژۆرمان هەیە، دامەزراوەی میدیایی ژۆرمان هەیە، بەاڵم ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە کلتوری میدیایمان هەیە، تۆ تا کلتورێکی تایبەت بە میدیات نەبێ و میدیا نەبێ بەکلتور، میدیا وەکو پێویست پێشوازی لێناکرێت، وەکو پیشە تەقلیدییەکانی دیکە نییە نمونە، هەر ژنێک بەئاسانی ببێت بە مامۆستا یان ببێ بەفەرمانبەر، ڕاگەیاندن ئیشێکی زیندووە، ڕاگەیاندن ئیشێکە بەردەوام نوێ گەری تیایە تازە گەری تیایە، دەرچوونی تیایە ڕیسکی تیایە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی ژن کەم لەم بوارە بێ، ڕێژەی پیاوانیش لە ئاستێکی باڵانییە لەناو میدیا، ڕاستە زیاتر پیاوان لەناو میدیان، هۆیەکانی کەمی ژنان لەنێو میدیا کلتوورە چونکە کلتوری میدیایت نییە، پاشان، کاری ڕاگەیاندن کارێکی ئاسان نییە هەموو کەسێک، هەموو ژنێک بتوانێت بیکات، مەرج نییە هەموو کەسێک بتوانێت لەنێو میدیا کاربکات و سەرکەوتوبێت، نەبوونی گرێبەست یاخود شێوازێکی سەرکەوتوی میدیا ئەمانەش هەمووی هۆکارە، یانی تاکو ئێستاش لە دەزگاکان سیستەمێکی سەرکەوتومان نییە، ژنان حەزدەکەن سەقامگیر بن یانی کارەکەیان داهاتووی دیار نەبێت نەوەک داهاتووی دیار نەبێت، بەداخەوە ئێمە هەموو دەزگانی میدیا لەهەرێمی کوردستان دا.

کامەران حاجی عومەر پێشکەشکار و بێژەر لە کوردستان 24دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی بە بەراورد لە گەڵ ڕەگەزی نێر ڕێژەیان کەمترە، لە گەڵ ئەوەشدا میدیاکارانی ئافرەت ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و هەشە لە نێو میدیای کوردی دا، بێگومان بە بێ ئافرەت دەزگای ڕاگەیاندن کرچ و کاڵا و لاواز و نا هاوتەریب دەبێ لە دیسیپلینی کاری میدیای کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ تەواو کاری یەکتر دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی میدیایی دا، هۆکارەکانی کەمی بەشداری ئافرەتان لە داموەدزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرن یەک لە هۆکارەکان بە سووک سەیرکردنی کۆمەڵگایە لە پیشەی ڕاگەیاندن بۆ ئافرەت بۆ نموونە کۆمەڵگە پێی ئاساییە کچەکەی یان خوشکەکەی یان هەر تاکێکی مێ کاری تەندروستی هاوشان لەگەڵ پیاو بیکات یان پێیان ئاساییە لە دامەزراوەیەکی گشتی یا تایبەتی بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بمێنێتەوە و تێکەڵاوی کۆمەڵگاش بێت، بەاڵم بۆ میدیا زۆربەی خێزانەکانی کوردستان تا بە ئەمڕۆش دەگات بە عەیبی دەزانن کچەکانیان لە کەنااڵێکی تیڤی کار بکات و دەرکەوێ. پێیان وایە ئەم کارە دەبێتە هۆکاری بەلاڕێدابردن و دڕووستبوونی ناو و ناتۆرەی زۆر بۆ کچەکانیان و شکۆی خێزانەکانیان دەخاتە پرسیارەوە.

کامەران حاجی عومەر گوتیشی: پێم وایە ئەم تێگەیشتنەی بەشێک لە خێزانەکانی کوردستان وای کردووە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان کە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزن و حەزی کارکردنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەیە، خەون و حەزیان لە پێناو ڕازی کردنی کەسوکاریان پشتگوێ بخەن و ببنە قوربانی، ئێستاشی لەگەڵ دابێ میدیاکانی کوردستانی لە ڕێژەی ڕەگەزی مێ هەژاران .

ئاشکرایە کە کاری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی تازە و پر زەحمەت بوو بە بەراورد لەگەڵ ولاتانی دراوسێی و جیهان و بە کۆمەڵێک هەوراز و نشێوش تێپەڕیوە، لە دەستپێکدا لە دوای ڕاپەڕین ڕاگەیاندنکاری ڕەگەزی مێ زۆر کەمبوو بە پەنجە دەژمێردران و بەشێکیان هەر کاریان نەکردووە نەبوونی ئافرەتی میدیاکار وای کرد، خەڵکانێکی ناشارەزا و کەم ئەزموون بۆ مەبەستی تر، ڕوو لە کاری میدیا بکەن و ئەو بۆشاییە بە خراپی پر بکەنەوەو هەڵی دەرکەوتنیان لە شاشە بۆ بە جێگەیاندنی مەرامی تر بقۆزنەوە.

ئەو میدیاکارە دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەی ئێستا ڕاگەیاندنکاری سەرکەوتووی ئافرەتمان زۆرن، بەاڵم کڕچ و کاڵی بەشێک لەو ئافرەتانەی کە لەسەرەتا ئامانجیان پیشەی ڕاگەیاندن نەبووە، بوونە هۆکارێکی تر تا کۆمەڵگا سانسۆری زیاتر بخاتە سەر ئافرەتان و لە کاری میدیایی دوو بکەنەوە. پێم وایە ئێستا قۆناغەکە گۆڕاوە ئافرەتی بە ئەزموون و خاوەن کەسایەتی سەرکەوتوو هاتوونەتە مەیدانەکە و کارەکانی خۆیان بە باشی ئەنجامدەدەن هەر بۆیەش لە چەند سااڵی داهاتوودا پێشبینی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتان لە داموەدزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەم.

چنار نامق لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەاڵحەدین دەڵێت: مەرج نییە ژن کە لەمیدیا ئیش بکات بۆ ژن کاربکات. ژنان ئەبێ زیاتر خۆیان پڕ زانیاری بکەن، بەژداری خول و گفتوگۆیانە بکەن کە ئاستی زانیارییان بەرزدەکاتەوە، شێوازی کارکردنیان بەرەو پێشەوە ببەن، کاربکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان پیشان بەن، وێنەیەکی سەرکەوتو ژنێکی سەرکەوتو لە میدیای کوردیدا.

چنار نامیق گوتیشی: ئەڵێی هۆی کەمی ئافرەت بۆچی دەگەڕێنیتەوە لەمیدیا، بەڕاستی میدیای کوردی ڕاستە کەنااڵی میدیای ژۆرمان هەیە، دامەزراوەی میدیایی ژۆرمان هەیە، بەاڵم ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە کلتوری میدیایمان هەیە، تۆ تا کلتورێکی تایبەت بە میدیات نەبێ و میدیا نەبێ بەکلتور، میدیا وەکو پێویست پێشوازی لێناکرێت، وەکو پیشە تەقلیدییەکانی دیکە نییە نمونە، هەر ژنێک بەئاسانی ببێت بە مامۆستا یان ببێ بەفەرمانبەر، ڕاگەیاندن ئیشێکی زیندووە، ڕاگەیاندن ئیشێکە بەردەوام نوێ گەری تیایە تازە گەری تیایە، دەرچوونی تیایە ڕیسکی تیایە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی ژن کەم لەم بوارە بێ، ڕێژەی پیاوانیش لە ئاستێکی باڵانییە لەناو میدیا، ڕاستە زیاتر پیاوان لەناو میدیان، هۆیەکانی کەمی ژنان لەنێو میدیا کلتوورە چونکە کلتوری میدیایت نییە، پاشان، کاری ڕاگەیاندن کارێکی ئاسان نییە هەموو کەسێک، هەموو ژنێک بتوانێت بیکات، مەرج نییە هەموو کەسێک بتوانێت لەنێو میدیا کاربکات و سەرکەوتوبێت، نەبوونی گرێبەست یاخود شێوازێکی سەرکەوتوی میدیا ئەمانەش هەمووی هۆکارە، یانی تاکو ئێستاش لە دەزگاکان سیستەمێکی سەرکەوتومان نییە، ژنان حەزدەکەن سەقامگیر بن یانی کارەکەیان داهاتووی دیار نەبێت نەوەک داهاتووی دیار نەبێت، بەداخەوە ئێمە هەموو دەزگا میدیاییەکان لەهەرێمی کوردستان داهاتوویان دیار نییە کە تاوەکو چەند بەردەوامدەبن یان نا،ئەمەش هۆکارێکی تر کە وادەکات ژنان کەمتر ڕوو لەم بوارە بکەن.

ڕۆژنامەنووس یاسر محەمەد لەم ڕاپۆرتەدا قسەی هەیەو دەڵێت: دەکرێت بڵێین کە بەشداربوونی ڕێژەیەکی بەرچاوەی ئافرەتان لە میدیای کوردی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی زۆربوون و بەرەو پێشچوونی میدیای کوردی واتا بەشێوەیەک لەئێستادا لە کوردستان ئافرەتان یەکێکن لە بنەماکانی دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندن، لە میدیای کوردی هەر لە کۆنەوە ئافرەتانی کورد چالاکبوونەو بگرە بەشداریکردن لە شۆڕشەکان یاخود قۆناغەکانی خوبندن بەشداریکردن لە زۆر گرینگە، هیوادارم ژنان لەیەک وێستگە نەمێننەوە، زیاتر هەوڵدەن کارەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، کاربکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان پیشان بەن، وێنەیەکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەوتو لە میدیای کوردیدا.

چنار نامیق گوتیشی: ئەڵێی هۆی کەمی ئافرەت بۆچی دەگەڕێنیتەوە لەمیدیا، بەڕاستی میدیای کوردی ڕاستە کەنااڵی میدیای ژۆرمان هەیە، بەڕاستی ژۆرمان هەیە، بەاڵم ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە کلتوری میدیایمان هەیە، تۆ تا کلتورێکی تایبەت بە میدیات نەبێ و میدیا نەبێ بەکلتور، میدیا وەکو پێویست پێشوازی لێناکرێت، وەکو پیشە تەقلیدییەکانی دیکە نییە نمونە، هەر ژنێک بەئاسانی ببێت بە مامۆستا یان ببێ بەفەرمانبەر، ڕاگەیاندن ئیشێکی زیندووە، ڕاگەیاندن ئیشێکە بەردەوام نوێ گەری تیایە تازە گەری تیایە، دەرچوونی تیایە ڕیسکی تیایە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی ژن کەم لەم بوارە بێ، ڕێژەی پیاوانیش لە ئاستێکی باڵانییە لەناو میدیا، ڕاستە زیاتر پیاوان لەناو میدیان، هۆیەکانی کەمی ژنان لەنێو میدیا کلتوورە چونکە کلتوری میدیایت نییە، پاشان، کاری ڕاگەیاندن کارێکی ئاسان نییە هەموو کەسێک، هەموو ژنێک بتوانێت بیکات، مەرج نییە هەموو کەسێک بتوانێت لەنێو میدیا کاربکات و سەرکەوتوبێت، نەبوونی گرێبەست یاخود شێوازێکی سەرکەوتوی میدیا ئەمانەش هەمووی هۆکارە، یانی تاکو ئێستاش لە دەزگاکان سیستەمێکی سەرکەوتومان نییە، ژنان حەزدەکەن سەقامگیر بن یانی کارەکەیان داهاتووی دیار نەبێت نەوەک داهاتووی دیار نەبێت، بەداخەوە ئێمە هەموو دەزگا میدیاییەکان لەهەرێمی کوردستان داهاتوویان دیار نییە کە تاوەکو چەند بەردەوامدەبن یان نا،ئەمەش هۆکارێکی تر کە وادەکات ژنان کەمتر ڕوو لەم بوارە بکەن.

ڕۆژنامەنووس یاسر محەمەد لەم ڕاپۆرتەدا قسەی هەیەو دەڵێت: دەکرێت بڵێین کە بەشداربوونی ڕێژەیەکی بەرچاوەی ئافرەتان لە میدیای کوردی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی زۆربوون و بەرەو پێشچوونی میدیای کوردی واتا بەشێوەیەک لەئێستادا لە کوردستان ئافرەتان یەکێکن لە بنەماکانی دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندن، لە میدیای کوردی هەر لە کۆنەوە ئافرەتانی کورد چالاکبوونەو بگرە بەشداریکردن لە شۆڕشەکان یاخود قۆناغەکانی خوبندن بەشداریکردن لە زۆر گرینگە، هیوادارم ژنان لەیەک وێستگە نەمێننەوە، زیاتر هەوڵدەن کارەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، کاربکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان پیشان بەن، وێنەیەکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەوتو لە میدیای کوردیدا.

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ راگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو فروتنا (١٣) سێزدە پارچێن ئەردی یێن ژمارە (٧٠٦ ، ٧١/٦ ، ٧٢/٦ ، ٧٣/٦ ، ٧٤/٦ ، ٧٥/٦ ، ٧٦/٦ ، ٧٧/٦ ، ٧٨/٦ ، ٧٩/٦ ، ٨٠/٦ ، ٨١/٦ ، ٨٤/٦) کەرتێ (٦٤) کەلەکچی و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەکچی بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەکچی دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١١٠١/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٩/١٥
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: میرندا زیکانی
ل دیف داخازیا داواکار (بنیات عاصم محمد) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا: (تصدیق طلاق خارجی) کری و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەبژارێ (دهوك سێ گرکا) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهدارییا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادەبی ل روژا (٢٠١٩/٩/٢٥) یان بریکارەکێ پێش خوڤە نامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
دادەوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٦٥
رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٧
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دجلة) بۆ (بازرگانی ئامێر و پێداویستیەکانی پزیشکی و بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
دادگای ماددەکان لە دهوك
ژمارە/ ٣٢/م/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٨/٢٨
راگەهاندن ب بریاری با شملیی
بۆ داوالێکری (عماد ابراهیم صالح) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل روژا ٢٠١٩/٥/٢٩ دناف بەرا تەدا وداواکار (نازدار خلف قاسم) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە روژا ژ روژا بەلاڤەکرنا روژنامێ وبەروڤاژی دێ بریار دوماهیك ئێت دەرهەقێ تەدا
دادەوەر / شکر سلطان عدو
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٠١/ش/٢٠١٨
رێکەفت/ ٢٠١٩/٩/٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (عبدالکریم علی رمضان) جهێ ئاکنجی بونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری ژێك جوودابونێ ژتە کەت(تفریق) تەو وداواکار (کلسن سلیمان عبدالله) وژبەر کو جهێ وار ستی ئاکنجی بونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کمبا پناپرێن سوری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادەوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها مادەکان دهوك
ژمارە/٦٤/م/٢٠١٩
رێکەفت/١١/٢٠١٩/٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (سهی نوری سلیمان) ل دیف داخازیا داخازکەر (ادریس یوسف عبو) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازا (تصدیق طلاق خارجی) وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەبژارێ تاخێ (رەزا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارییا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادەبی ل دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/٩/٢٣ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە نامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگاتە پا شملی هێتە کرن
القاضی / شکر سلطان عدو
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٨٤٣/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ١٠ /٢٠١٩/٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکار (وارگر صباح مراد) جهێ ئاکنجیێ نەدیارە ژبەر داوایا لسەر تە هاتیە تۆمارکرن ژلایێ داواکاری (مجید علی ظاهر) ددوایا ژمارە ٨٤٣/ب/٢٠١٩ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٢٥ داخاز دکەت دانا تە بوو وی کوژمێ (٣٢٦٥٠٠٠) سێ ملیون ودوو سەد وشێست وپێنج هزار دینار وەك قەرەبو وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن نزارکێ ژمارە (٤٢٣٤) رێکەفتی ٢٠١٩/٩/١ وڤەژارا هەلبژارتیێ تاخی ئێتیت رێکەفتی ٢٠١٩/٩/١ دادگەهێ بریاردا تو بێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ل یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ نامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١٠/١ ونەگەر نامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهێری دێ دادبینی بیێ نامادەبونا تە بڕیڤە چیت وئاشکرایی ول دیف یاسایێ
دادەوەر / رێبوار محمد حسن
***

mselect.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**HR Senior Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 3-5 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 3-5 years of relevant experience in HR
- High professional education degree is required
- Ability to think strategically, analyses large amount of data and information objectively, and make quick decisions
- Strong interpersonal, communication and collaborative skills
- Strong understanding of international HR principles
- English and Kurdish fluency is a must
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1679
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**IT Manager**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 6 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- At least 6 years of relevant experience in IT
- High professional education degree is required
- Ability to think strategically, analyses large amount of data and information objectively, and make quick decisions
- Strong interpersonal, communication and collaborative skills
- Must have demonstrated managerial skills
- Must have strong understanding of IT principles
- English and Kurdish fluency is a must
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1678
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتیٔ ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب.مومتەلەکات

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م.ممتلكات

ژمارە: ٢٧١٩ كوردى
رێکەوت: ٥/ ٩/ ٢٠١٩ زایینی

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری سەر بە وەزارەتی دارایی وئابووری نیازی هرۆشتنی کۆمەڵێك مۆلیدە وکەل وپەل لە کارکەوتووی جۆراو جۆری هەیە بەزیادکردنی ئاشکرا بەپێ ی یاسایی هرۆشتن وبەکرێدانی مولك و سامانی دەولەت ژمارە (٣٢) ی سالی ١٩٨٦ی هەموار کراو لە بنکەی کۆکردنەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەناو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر ، جا هەر کەسێك نارەزووی کرینی هەیە نامادەبێت لە رۆژی(یەك شەم) رێکەوتی(٢٠١٩/٩/٢٩) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەپێی رێنمایی کانی دارایی :

١/پیشکەش کردنی بارمتەی یاسایی (تامینات)٠

٢/دەتوانن ئەم(کەل وپەلانە ومۆلیدەکان) ببینن لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە شوێنی ناوبراو لەسەرەوە.

٣/لەسەر کرپارە لە ماوەی(٣٠) رۆژ ئەم کەل وپەلە مۆلیدانە هەلگرێت ٠

٤/بری پارەی فرۆشتنەکە بە پارەی چاپی عیراقی بەشێوەی نەختینەیی (نقدی) وەردەگیرێت٠

٥/وەرگرتنی رێژەی ٢٪ لەکۆی فرۆشتنەکە بەزیاد لەگەڵ پارەی رۆژنامە لەسەر کریاردەبێت.

- لیستی ئۆتۆمبێلەکان:-

ژ	ناوی کەل وپەل	ژمارەیان
١	کۆمپیوتەر کامل	نزیکەی ٤٠٠ دانە
٢	استنساخ	نزیکەی ٢٥ دانە
٣	سپلیت کامل	نزیکەی ١٠٠ دانە
٤	مویەریدە وپانکە وبرادی ئاو	نزیکەی ١٧٥ دانە
٥	غسالە وتباخ	نزیکەی ٥٠ دانە
٦	VIP پارچەی دەرەوەی تبرید مرکزی	نزیکەی ١٢ دانە
٧	مێز ودۆلاب جۆراوجۆر	کۆمەلێك
٨	کورسی جۆراوجۆر	کۆمەلێك
٩	کورسی دەوار	کۆمەلێك
١٠	کەل وپەلی کارەبایی جۆراوجۆر	کۆمەلێك
١١	پاتری ئۆتۆمبێل	نزیکەی ١٠٠ دانە
١٢	تایەی ئۆتۆمبێل	نزیکەی ٢٥٠ دانە
١٣	کەل وپەلی ئۆتۆمبێل	کۆمەلێك
١٤	دەرگاو پەنجەرەی ئاسن و پی ڤی سی	کۆمەلێك
١٥	مۆلیدە DEMCO رصاصی 100KV	١ دانە
١٦	مۆلیدە PERKING زمرد 75KV	١ دانە
١٧	مۆلیدە YOUNESBROS ڕمش و شین 75KV	١ دانە
١٨	GEN POWER سەوز 45KV	١ دانە

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی وئابووری

ئامانجی دریژخایەنی رۆژئاوا لە پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی دەریایی لە کەنداودا



بەشی یەکەم

موحسین محەمەد *

سیستەمی ئابووری و سەربازیی رۆژئاوا بە چەشنێک ئاوێتەی یەک بووە زۆر سەختە پێشبینی بێلایەنی ولاتێک بکرێ لە ڕووداوە گەورەکانی جیهاندا. ئەمەریکا کە ئەمڕۆ ڕێبەرایەتی ئەو سیستەمە دەکات، لەوە تێدەگات پاش هەر بڕیارێکی کۆنگرێس یان ئیدارەی کۆشکی سپی، جیهانی ڕۆژئاوا دواجار بەناچاری دەبنە پاشکۆی ئەو بڕیارە. ولاتانی ئەو هاوپەیمانەتییە لە دوای جەنگی دووەمی جیهان، بەر لە ڕووداوەکان پێشتر لە کۆی سیستەمەکەدا خوێندنەوەی هاوبەشی خۆیان هەبووە، بۆیە دەزانن چی دەکەن.

ناو یەک، ئەوان خەزێنەی ئەمەریکا بە بڕێک داهات لە ئێران نادەن، بە هیند و یابان و چینیشەوە، کە ئەوانیش دواتر ڕێژەی کڕینی نەوتی ئێرانیان زۆر کەمکردەوە. ئێستا دەگوترێ ئێران کەمتر لە دوو سەدو پەنجا هەزار بەرمیل هەناردە دەکات. ئەو ڕەوشە ئابووریە نوێیەی ئێران، شەپۆلەکانی کەنداو و دەریای عەرەبی گەرم کرد. لە ئایاری ڕابردوو چوار کەشتی لەنزیک میرنشینی فوجەیرە لە ئیمارات گورزی سەربازیی بەرکەوت، دووانیان سعودی و یەکیان نەرویجی و ئەوی دیکە کەشتی ئیمارات بوو. لە حوزەیرانی ڕابردوو هێزی مووشەکی زەمین ئاسمانی ئێران فڕۆکەیەکی ئەمریکی چاوگێڕانی بێ فڕۆکەوانی خستە خوارەوە. لە تەمووزی ڕابردوو هێزی دەریای بەریتانیا لە جەبەل تاریق دەستی بەسەر کەشتیەکی نەوتی ئێرانی داگرت، ئێستا ئازادکراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئامانج. ئەمەریکا گوشار دەخاتە سەر وڵاتان بۆ ڕێگرتن لە کەشتییەکە. لەبەرامبەر ئەمە، هەر لەتەمووزدا لەتۆڵەی ئەوە، ئێران دەستی بەسەر کەشتیەکی بازرگانی بەریتانیا داگرت. بەکورتییەکەی ڕێژەوە ئاوییەکە لە کەنداوەوە بە هەردوو تەنگەبەری هورمز و بابولمەندەب و دەریای عەرەبی چووە دۆخی سوور، ئەوەی ئەمەریکا دەیوەیست و ئەوەی چاوەڕوانەدەکرا ڕوویدا. بە کەمێک گەڕانەوە، تەنانەت بۆ بەر لەکشانەوەکەی دۆنالد ترەمپ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، لە مانگی شوباتی 2018 واتە سێ مانگ بەر ڕاگەیاندنەکەی ترەمپ، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە ڕێگەی بەڕێرسی جموجۆڵەکانی دەریای و سوور و دەریای عەرەب و کەنداو لە کەشتی پێنجەمی هێزی دەریای ئەمریکا لە ژمێرەی تایبەتی خۆی لە تویتەر دارەئەستوورەکە بەبیری نەیارانی ئەمەریکا دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: داڕێکی ئەستوور بەدەست بگرەو ئینجا بەهێمنی قسەبکە.

(سەرۆکی ئەمەریکا تیۆدۆر ڕۆزفێڵت 1901-1919)

ئیدارەی ئەمریکا ئەو بڕیارە دەدات کە خۆی چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکات. ئەوەی پێویست بوو لە هەنگاوی یەکەمدا، وەکو کاردانەوەیک دژی هێرشە دەریاییەکان، هەناردنی کەشتی جەنگی ئەبراهام لنکۆڵن بوو بۆ دەریای عەرەبی وکەنداو. بێ گومان بەریتانیاش بەغاردان بەرەو کاروانەکە دەوڕوات و ئەوانی دیکەش بەپێی سیاسەتی نمایشی هێزو نەرمی لە ئاخاوتندا، هێدی هێدی بەگەڵ هێزە دەریاییەکە دەکەون. لەنوێترین هەواڵدا ئوسترالیاش چووە ڕیزی هاوپەیمانیتیەکە. قسە هەیە ئیسرائیلیش لەو هیزە دەریاییە بەشداراە. ئایا ئیدارەی ئەمەریکی نەیدەزانی کەشتییە بازرگانییەکان لەکەنداو و دەریای عەرەبی هێرشیان دەکرێتە سەر؟ بێ گومان ئەوان زۆر دڵنیابوون لە ڕووداوەکان و ڕۆژانە ئەگەری کاردانەوەی زۆر توندیان لە دژی ئێران ڕادەگەیاند، کار گەیشتە ئەوەی تەامپ بڕیاری گورزێکی سەربازی بدات، بەڵام وەکو دەڵێن، لەچرکەساتەکانی کۆتایی کاتەکە، پەشیمان دەبێتەوە، کە زۆر سەختە چاودێرانی ناوچەکە بڕوا بەو سیناریۆیە بکەن. بەخوێندنەوەی سیناریۆکان، ئەمەریکا دەیویست بگاتە ئەو ویستگەی کە چاوەڕوان دەکرێ، زۆر بە ئاسانی هێزی دەریای هاوبەش پێکبهێنرێ بۆ ئامانجێکی درێژخایەن، کە دەبێتە هۆی گەمارۆدانی ئێران لەدەریادا. باشە بۆچی ئەو هێزە وەکو سەرکردەی دەستەی ئەرکانی سوپای هاوبەشی ئەمەریکا وتی: (لەماوەی دوو حەفتەدا) ئەوها دەرنەچوو؟ ئایا ئەمە شکستە، وەکو بەرپرسە ئێرانییەکان هەمیشە دەڵێن: ئەمەریکا سەرکەوتوو نابێ لەپێکهێنانی هاوپەیمانیەتی لەدژی ئێران، یان سستییەکە بۆخۆی تاکتیکی سیاسییە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە بەڕووی ڕووسیا لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکە؟ ڕوسیا سەرەتا لەسەر زاری سەرۆکەکەی فلادیمێر بوتن وتی: ڕوسا تیمی ئاگر کوژێنەرەوە نییە، بەواتای ئیدی ئەوان وەکو سووریا دەست ناخەنە ناو ئەو جەنگە چاوەڕوانکراوە. دەکرێ ئەوهاش لێکبدرێتەوە، ڕووسیا بیەوێ جارێکی دیکە ئێران بباتەوە سەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، هەر بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێن: ئێران دەبێ دان بەخۆیدا بگرێ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەکشێتەوە. ڕەنگە ئەمەریکییەکانیش ئەمەیان بوێ، زۆر جاریش ترامپ وتویەتی: دەبێ ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران بکرێ، ئەوەی هەیە کارەساتە. ئایا ئەمەریکا بەڕاستی ئەمەی دەوێ؟ لە ڕەهەندی ستراتیژیی سیاسەتی ئەمەریکا لە جیۆسیاسی ناوچەکەدا، هەر لە پاکستانەوە تادەگاتە باکووری ئەفریقیا، ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژئاوا بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا کار بۆ ئامانجی درێژخایەن دەکات. ناکۆکی و کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران بەدانوستانێکی دیکە چارەسەر نابێ، هەر بۆیە، وەزیری دەرەوەی ئێران جەواد زەریف لە نوێترین ڕاگەیاندن دەڵێ: ئێران ڕەتیدەکاتەوە دانوستان لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە جارێکی دیکە دووبارەبکرێتەوە. لەڕاستیدا ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئێرانی دەوێ، خۆبەدەستەوەدانە، ئەگەر ئێران بە دانوستانیش ڕازی بێ، ئەوە سزاکان هەڵناگیرێن تا دانوستانە نوێییەکە وەکو ئەوەی ئەمریکا دەیەوێ نەیەتەدی. داواکارییەکانی ئەمەریکا لە ئێران کە خۆی لە دوازدە خاڵ دەبینێتەوە هەر هەمووی بۆ ئەو ولاتە مەحاڵە بێتە دی، کەواتە شەمەندفەری دانوستان هیچ ڕێگەیەکی بۆ دیارنەکراوە تا لەسەری بڕوا. ئیدی لە خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە دبلۆماسیەتەی ڕۆژئاوا، ڕاگەیاندنە سیاسییەکان گرژی و خابوونەوە و پەشیمانبوونەوە، لایەنگیری و بێ لایەنی بەخۆی دەبینێ. بەرەی ملمالانێییەکان، لەژێر هەر بارودۆخێکدا، وەکو ڕووداوی کەشتییەکان و خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئەمەریکیەکە، یەکسەر هەڵوێست وەرناگرن بەڵکو دەچنە ناو تاکتیکی سیاسی، هەر وەکو هەڵوێستی یەکێتی ئەورووپا، فەرەنسا و ئەڵمانیا بەتایبەتی کە ڕایانگەیاندووە، ئەوان پابەندەبن بە بەندەکانی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، لەهەمان کاتیشدا خۆیان بەدوور ناگرن لە سزاکانی ئەمەریکا، نەوت لە ئێران ناکڕن.

لە ڕەهەندی ستارتیژیدا کێشەکە بەوجۆرە نییە وەکو ڕووەدات، ئەگەر زنجیرەی کارە دبلۆماسی و سەربازییەکان و ڕووداوەکان بەدوای یەکدا ڕیزبکەین، ئامانجی زۆر درێژخایەنی ڕۆژئاوا دەدۆزینەوە لەو ملمالانێیە ترسناکەی کە چاوەڕێی ناوچەکە دەکات. هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی، ئەگەر جەنگ لەو ناوچەیە ڕووبدات ئەوە زۆر ترسناک و جیاواز دەبێ، بۆیە ئەوە ڕوونادات، هاوپەیمانییەتییە دەریاییەکە پێمان دەڵێ: ئامانجی دیوارەکە شتێکی دیکەیە، دوورترە لە ڕەهەندی ململانێی ئێران ڕۆژئاوا، لەبەرئەوەی جیۆسیاسی ناوچەکە زۆر فراوانترە لەو ڕووبەرەی کە قسەی لەسەر دەکرێ و ڕووداوەکانی لەسەر ڕووەدەن.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1810:
مەکسیک سەربەخۆیی خۆی لە ئسپانیا ڕاگەیاند .



سالی 1941:
ڕەزا پەهلەوی شای ئێران عەرشی ولاتەکەی ڕادەستی محەمەدی کوڕی کرد .



سالی 1945:
هێزەکانی ژاپۆن لە هۆنگ کۆنگ خۆیان ڕادەستی سیسیل هارکۆتی ئەدمیرالی بەریتانی کرد .



سالی 1975:
هەر یەکە لە ڕەئسولئەخزەر و مۆزەمبیق و ساوتۆمێ و برینسیب بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان .



سالی 1991:
پرۆسەی دادگاییکردنی مانویل نۆریێگای سەرۆکی لەسەر کار لادراوی پەنەما لە ئەمەریکا دەستی پێکرد .



سالی 2018:
باهۆزی مانکۆت لە فلیپین و تایوان و باشووری چین ڕوویدا و 70 کەسی کوشت.

خەبات
www.xebat.net
دووشەممە 2019/9/16 ژمارە (5828)



ئایا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئیسرائیل، ڕاپرسییە لەسەر کەسایەتیی نەتەنیاهۆ

ئا: خالید گەردی

ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو 17ی ئەیلوول، نزیکەی شەش ملیۆن هاوڵاتی ئیسرائیلی بە مەبەستی هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ بۆ وڵات ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان دەکەن، ئاکامی ئەو دەنگدانە ناسنامەی سەرۆک وەزیرانی نوێ دیار دەکات. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسرائیل هەڵبژاردنەکە بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لەسەر کەسایەتیی بنیامین نەتەنیاهۆ ناودەبەن، کە ئایا هەڵی بۆ دەڕەخسێنێت تا بۆ جاری پێنجەم پۆستی سەرۆک وەزیران بەدەستەوە بگرێت. کە ماوەی دە ساڵە بێ پچڕان ئەو پۆستە بەڕێوە دەبات.

پەرلەمانی ئیسرائیل لە کۆتایی مانگی ئایاری ڕابردوو بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەی دا، ئەمەش دوای ئەو هات نەتەنیا لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمان لە 9ی نیسانی 2019 کە ئەویش هەر هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بوو بە جیاوازی کورسی نێو پەرلەمان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی لە نێوان نەتەنیاهۆو ئەفیگدور لیبرمانی هاوپەیمانی لە سەر یاسای خزمەتی سەربازیی، لە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵیدا شکستی هێنا، بۆ دەربازبوون لە قەیرانی پێکهێنانی حکوومەت، جارێکی تر بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت درایەوە.

نەتەنیاهۆ کە تۆمەتی بەرتیل خواردن و گەندەڵیی دراوەتە پاڵ و لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو چاوەڕێی دانیشتنی دادگایی کردنەکەیەتی لەسەر ئەم کەیسە ، چاوی لەوە بڕیوە سەرکەوتن لەو هەڵبژاردنە بەدەست بێنێت، وەک ڕکابەرانی ئاماژەی بۆ دەکەن مەبەستی نەتەنیاهۆ کەمکردنەوەی گوشاری دادگایە بۆ ماوەی چوار ساڵی تر یا هەر نەبێت ئەگەر ڕووبەڕووی دادگاش کرایەوە بۆ لێپرسینەوە لەسەر ئەو تۆمەتانە ئەوا بە سیفەتی سەرکردەیەکی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکان و خاوەن شەرعیەت لەلایەن گەلی ئیسرائیلەوە لە دادگاکە ئامادەبێت، ، لەو هەڵبژاردنە نەتەنیاهۆ بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتی بەدەنگی دەنگدەرە ڕاستڕەوە نەتەوەییەکان بەستووە. گرنگییەکی دیکەی هەڵبژاردنەکە بۆ نەتەنیاهۆ لەوەدایە ئەگەر لەم هەڵبژاردنە سەرکەوتن بەدەست بێنێتەوە، ئەوا سەرکەوتنێکی مێژوویش تۆمار دەکات ، بەسەرکەوتنی ئەمجارەی ماوەی حوکمڕانییەکەی لە ماوەی حوکمڕانی دافید گوریونی دامەزرێنەری ئیسرائیل درێژتر دەبێت کە تەنیا ماوەی 13 ساڵ لەسەر کورسی دەسەڵات مایەوە.

ئەنجامی ڕاپرسییەکان

بەپێی ئاکامی ڕاپرسییە ئەنجام دراوەکان، هەر دوو حزبی ڕکابەر لیکودی ڕاستڕەو حزبی شین سپی زۆر لەیەک نزیکن هەرچی حزبی لیبرمان دوای دوو حزبە سەرەکییەکە لە پلەی سێیەم دایە پێشبینی دەکرێت ژمارەی کورسییەکانی زیاد بکات، دە کورسی لە کۆی 120 کورسی لە نێو پەرلەمانی ئیسرائیلی بەدەست دێنێت، کە ئەمەش دوو هێندەی ژمارەی کورسییەکانی پێشوویەتی. هەر یەک لە بنیامین نەتەنیاهۆ ی سەرۆکی حزبی لیکود و بینی گانتسی سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای ڕکابەرەکەی کە پێشبینی ناکرێت بە تەنیا بتوانن حکوومەت پێکبێنن بۆ بەدەستهێنانی سۆزی ئەو حزبە بەلایاندا تا پێیان بکرێت خۆیان لێ نزیک دەکەنەوە. هەرچی حزبی شین-سپی ڕکابەری نەتەنیاهۆیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی عەرەبەکانی ئیسرائیلیش کە ڕێژەی 21%ی دانیشتووان پێکدێنن لە دژی نەتەنیاهۆ لە نێوشارە عەرەب نشینەکان دەستیان بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کردووە.

ئەو کارتانەی نەتەنیاهۆ لە هەڵبژاردنەکان پشتی پێ دەبەستێت

وەک وا باوە، هەموو کاندیدەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا تەواوی هەوڵەکانیان لە چەند خاڵێکی هەستیار چڕ دەکەنەوە تا لەو ڕێگاوە سۆزی دەنگدەران بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، ئەلیزابیس مارتۆی توێژەری فەرەنسی تایبەتمەند بە کاروباری ئیسرائیل لە پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی بە فرانس 24ی ڕاگەیاندووە، نەتەنیاهۆ لە هەڵبژاردنەکاندا هەمیشە پەنا بۆ هەموو ئامرازەکانی بەردەستی دەبات، ناوبراو هەوڵ دەدات وا لە ئیسرائیلییەکان بگەیەنێت کە ئەو تاکە زامنی ئاسایشی وڵاتەو پارێزەریەتی، هەمیشە جەخت لەدەستکەوتە دبلۆماسییەکانی وەک گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودسی ڕۆژئاواو دانان وەک پایتەختی ئیسرائیل هەروەها کرانەوەی ئیسرائیل بە ڕووی وڵاتانی عەرەبی و دانپیانانی جۆلان وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکاو دەستکەوتە ئابووریەکانی کە لەماوەی چەندساڵی ڕابردوو بەدەستی هێناون، دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا نەتەنیاهۆ هەمیشە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەمەبەستی زامن کردنی سەرکەوتنی پەنا بۆ خاڵێکی هەستیار وەک سوپرایز دەبات، وەک لە هەڵبژاردنی ئەمجارە بەڵێنی بە دەنگدەرانی داوە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەوا غۆری ئوردن کە بەخاکێکی بە پیت و دەوڵەمەند لە ڕووی سامانی سروشتی ناسراوە، تاهەتایی دەخاتە سەر خاکی ئیسرائیل.

نەتەنیاهۆ کێیە!

نەتەنیاهۆ 69 ساڵ سەرۆکی حزبی لیکود، لە 21ی تشرینی یەکەم ساڵی 1949 لە تەلئەبیب لەدایک بووە، ماوەیەک لە ئەمریکا ژیاوە بڕوانامەی پەیمانگای ماساتشوستسی بۆ تەکنەلۆجیاو بەکالۆریۆس لەئەندازیاری بیناسازی و ماجستیر لە بەڕێوەبردنی کاری بەدەست هێناوە. لە سوپای ئیسرائیل خزمەتی کردووەو لەشەڕێکدا بریندار بووە، ماوەیەک لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە واشنتۆن کاری کردووە دواتر بووەتە نوێنەری ئیسرائیل لە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ساڵی 1996 لەتەمەنی 46 ساڵیدا وەک بچووکترین سەرۆک لە ڕووی تەمەنەوە پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە، لە ساڵی 1999 لە هەڵبژاردن شکستی هێناو لادرا، جارێکی دیکە لە ساڵی 2009 بووە سەرۆک وەزیران تا ئێستا بەبەردەوامە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

مانشێت



سکای نیوز:
لیندسی گراهامی سیناتۆری سەر بە پارتی کۆماری داوای لە ئیدارەی ئەمەریکا کرد کە ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران وەک بژاردەیەک دەستنیشان بکات .



ڕۆژنامەی ئەلئەرقولئەوسەت:
دادگایەکی فیدرالی لە ویلایەتی ئالاباما بە فەرمی کێچە قوتابیەکی بە ڕەگەز فەلەستینی بە کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڕێککخراوی قاعیدە تۆمەتبار کرد .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سەبارەت بە دۆسیەی بریکزت ، بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پشتگیریی زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمانتارانی وڵاتەکەی لەدەست دا .



ئەی ئێف پی:
دوای گێژەڵوکی دوریان،چاوەڕێ دەکرێ باهۆزی هۆمبرتۆ لە دوورگەکانی باهاماس بدات .




کەنالی ئار تی:
لە کەرتی ئۆنتاریۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی کەنەدا ، چەند چەکدارێک تەقەیان لە ژمارەیەک خەڵک کرد و لە ئەنجامدا کەسێک کوژرا و 5 کەسی دیکەش بریندار بوون .

فرانس 24:
بە تۆمەتی بەشداریکردن لە کودەتاکەی ساڵی 2016، دەسەڵاتدارانی تورکیا بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ 223 سەرباز دەرکرد .



کاریکاتێر



تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ، هەڵمی ئاو لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا دەدۆزێتەوە

پسپۆڕانی فەلەکناسی سەر بە (زانکۆی لەندەن) لە (بەریتانیا) و بۆ یەکەمجار لە میژوودا، توانیان هەڵمی ئاو لەنێو بەرگە هەوای هەسارەیەکی دەرەکیدا بدۆزنەوە، بە شێوەیەک کە هیچ گومانی تیادا نەبێت.

ئەو هەسارەیە ناونراوە (K2-18B) و دەکەوێتە ناوچەیەک کە ناسراوە بە (زۆنی پاڵپشتیکار لە ژیان)، ئەو ناوچەیەش وەکو شوێنکەوتەی زەوییە لەگەڵ خۆر، واتە نە زۆر دوورەو نە نزیک، وە ئەو ئەستێرەیەی کە ئەو هەسارەیە بە دەوریدا دەخولێتەوە لە جۆری (ئەستێرە بچووکە رەنگ سوورەکان) ە و مەودای نێوان سیستەمی خۆری ئێمەو ئەو سیستەمە دەرەکییە دەگاتە سنووری 110ساڵی روناکی، بە ئاراستەی کۆستێرەی (شێر) دا، ئەمەش وا دەگەیەنێ کەوا ئەو سیستەمە بە (دراوسێی سیستەمی خۆر) بەرزتر بێت لە زەوی، وە لە هەمان کاتدا دەرکەوت کەوا بارستایی ئەو هەسارەیە 8جار ئەوەندەی بارستایی زەوی خۆمان دەبێت، کەواتە لە بەرامبەردا هێزی کێشکردنیشی زۆر زیاترە لە زەوی.

ئەو دۆزینەوە هەرە گرنگە لە گۆڤاری (NATURE ASTRONOMY) دا بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە کەوا ئەوە بۆ یەکەمجارە هەسارەیەک لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا دەدۆزرێتەوە کە بڕێکی زۆر بەرچاوو ئاشکرای هەڵمی ئاو لە بەرگە هەوایەکەیدا هەیەو رووەکەشی خاوەن پلەیەکی گەرمیی ئەوتۆیە کە پاڵپشتی لە ژیاندا دەکات، هەروەها جگە لە بوونی بڕێکی زۆری هەڵمی ئاو، (هایدرۆجێن و هیلیۆم) هەیەو لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی دۆزینەوەی (نایترۆجین و میسان) یش لەنێو بەرگە هەوای هەسارەی (K2-18B) دەکرێت.

ئەژمارەدەکرێت.

دوای ئەو دۆزینەوە ناوازەیە، پسپۆڕان ئێستا دەیانەوێ بگەنە راستیی سروشتی پێکهاتەیی ئەو هەسارەیە کەوا ئاخۆ (بەردینی) یە وەکو (زەوی و مەریخ و زوهرە و عەتارد) یاخود گازیی ژ سەهۆڵیی وەک (موشتەری و زوحەل و ئۆرانۆس و نیپتۆن)ە؟

ئەگەر دەرکەوت وەکو زەوی (بەردینی) یبە، ئەوا پسپۆڕان بە تەواوی دەگەنە ئەو راستییەی کەوا ئاوی شل لەسەر رووی ئەو هەسارەیەدا هەیەو پلەی گەرمیی رووەکەی یەگجار زۆر لەبارێشە بۆ پاڵپشتیکردن لە ژیان.

لە راستیدا ئەو سیستەمە هەسارەییە بۆ یەکەمجار لەساڵی 2015 لەلایەن (تلسکۆپی ئاسمانیی کیپلەر) دۆزرابۆوە ئاشکراش بوو کەوا لەبەر زیادەڕۆیی لە چالاکیی ئەستێرەکەی، ئەوا دەبێ پلەی گەرمیی رووی هەسارەکە (بەهۆز -Hurricane) یان (Typhoon) لەو دیاردە سروشتیانەیە کەوا تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی جیهان و لە کاتێکی دیاریکراویشدا رووەدەدن.

باهۆزەکان لەنێو پانتایی زەریاو دەریاکان و ناوچەکانی نزیک لە هێڵە پانییە نزمەکان و نیمچە یەکسانەکان رووەدەدن لە حاڵەتی زۆر کەمیشدا بۆ ناوچەی هێڵەکانی پانی بەرزدا دەکشێن، بەڵام لە رووی زانستییەوە، کات و ئەو ناوچانەی کە ئەم دیاردانەی تیادا دووبارە دەبێتەوە ناسراون کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- باکووری رۆژئاوای زەریای هێمن: بەدرێژایی ساڵ تیایدا رووەدات، بەڵام لوتکەکەی لە ماوەی نێوان مانگەکانی (ئاب و ئەیلوول) ەو ژمارەی ئەو باهۆزانەی لە ماوەی ساڵێکدا تیایدا رووەدات دەگاتە 16باهۆز.

2- باکووری رۆژهەڵاتی زەریای هێمن: لەماوەی نێوان (ئایارو تشرینی دووەم) دا رووەدات و لوتکەکەی لە ماوەی نێوان مانگی (ئاب و ئەیلوول) ەو 9باهۆزی تیادا رووەدات.

3- زەریای ئەتلەسی : لەماوەی نێوان (ئایارو تشرینی دووەم) دا رووەدات و لوتکەکەی لە مانگی (ئەیلوول) ە و 5باهۆزی تیادا رووەدات.

4- باکووری زەریای هیندی: لەماوەی نێوان (نیسان و کانوونی دووەم) دا رووەدات و لوتکەکەشی لە مانگی (ئایارو تشرینی دووەم) ەو 3 باهۆزی تیادا رووەدات.

5- باشووری رۆژئاوای زەریای هیندی: لە ماوەی نێوان (ئەیلول و ئایار) دا رووەدات و لوتکەکەی لەنێوان (کانوونی دووەم و ئادار) دا دەبێت و 4- باهۆزی تیادا رووەدات.

6- ئوسترالیا / ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی زەریای هیندی: لوتکەکەی لە مانگی (کانوونی دووەم و ئادار) دا دەبێت و 3 باهۆزی تیادا رووەدات.

7- ئوسترالیا / باشووری رۆژئاوای زەریای هێمن: لە ماوەی نێوان (تشرینی یەکەم و ئایار) دا رووەدات و لوتکەکەی لەمانگی (شوبات) دا دەبێت و 4باهۆزی تیادا رووەدات.

لێرەدا تێبینی دەکرێت کەوا رووەدانی باهۆزەکان لە نیوەگۆی باکووری زەوی لە ماوەی نێوان (ئاب و تشرینی یەکەم) دا زیاترەو بۆ نیوەگۆی باشووریش لە ماوەی نێوان (کانوونی دووەم و ئادار)ە.



دوای پچڕانی پەیوەندی لەگەڵیدا، پسپۆڕانی هند کەشتی نیشتنەوەی مانگیان دۆزییەوە

(کیە سیفان) ی سەرۆکی (ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی بۆشاییگەڕیی هندی) لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو کەوا زانیانی پەیوەندیان پچڕابوو لەگەڵ کەشتی ئاسمانیی وڵاتەکەیان کە ناسراوبوو بە (شاندرایان - 2) لەو کاتەی کەوا نزیک ببۆوە لە نیشتنەوە لە ناوچەی جەمسەری باشووری مانگ لە بەرواری 2019.9.7دا.

(سیفان) کە بێزارییەکی زۆری لەسەر ڕووخساریدا دیاربوو و لە بەرامبەر هۆڵێکی پڕبوو لە زانا و پسپۆڕان دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە (بانگلۆر) ڕایگەیاند کەوا ئێستا ڕێکخراوی بۆشاییگەڕیی هندی خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی وردە دەربارەی هۆکارەکانی نشوستهێنانی پڕۆسەی نیشتنەوەی یەکەم ڕۆبۆتی ئەو وڵاتە بۆسەر مانگ.

دوا بەدوای ئەم ڕاگەیاندنە، (کایلاساڤادیۆژ سیڤان) سەرۆکی (ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی بۆشاییگەڕیی هندیژ (ISRO بە ڕۆژنامەی (Times of India)ڕایانگەیاند کەوا ڕۆژی دووشەمە 2019.9.9کەشتی ئاسمانی (شاندرایان -) 2توانی کەشتی نیشتووەوەی ناسراو بە (- VIKRAM ڤیکرام) بدۆزنەوە دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک لە پچڕانی پەیوەندی لەگەڵیدا.


پسپۆڕان ئێستا لە هەوڵی ئەوە دەدەن دووبارە کەناڵی پەیوەندی بگەڕێننەوە لەگەڵ (ڤیکرام) بەڵام تاوەکو ئێستا ئاستی زیانی پێکەوتوو بە کەشتییەکە نازانن لە کاتی نیشتنەوەیدا.

ئەگەر ئەم کارە سەرکەوتنی وەدەستهێنابوایە، ئەوا (هندستان) دەبووە چوارەم وڵات لە دوای (ڕووسیاو ئەمریکاو چین) کە سەرکەوتن وەدەستدێنێ لە ناردن و نیشتشاندنەوەی کەشتی ئاسمانیی لەسەر ڕووی پاشکۆیەکەماند، لە کاتێکدا ئیسرائیل یش لە نیسانی ئەمساڵدا نشوستی هێنا لە پڕۆسەیەکی هاوشێوەی (هندستان) دا.

جێگای ئاماژە پێدانە کەوا کەشتی هندی (شاندرایان) کە ماناکەی (کەشتی مانگ)ە، بڕی 140ملیۆن دۆلاری تێچووبوو، کە بە بەروارد لەگەڵ تێچوونی هەمان کەشتی ئاسمانی بۆسەر مانگ لەلایەن وڵاتانی دیکەدا نێردراوە زۆر کەمترە.

سەرەڕای ئەو نشوستە، کەچی (هندستان) سەرکەوتنی وەدەستهێناوە لە دروستکردن و ڕەوانەکردنی کەشتی ئاسمانیی بۆ خولگەی دەوربەری مانگەوە، ئەویش بریتی بوو لە کەشتی (شاندرایان -1) بەر لە 11 ساڵ بە هەمان تێچوونی کەم و تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە.

چی دەزانی دەربارەی شوێن و وەرزی ڕووبانی باهۆزە؟



(باهۆز -Hurricane) یان (Typhoon) لەو دیاردە سروشتیانەیە کەوا تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی جیهان و لە کاتێکی دیاریکراویشدا ڕووەدەدن.

باهۆزەکان لەنێو پانتایی زەریاو دەریاکان و ناوچەکانی نزیک لە هێڵە پانییە نزمەکان و نیمچە یەکسانەکان ڕووەدەدن لە حاڵەتی زۆر کەمیشدا بۆ ناوچەی هێڵەکانی پانی بەرزدا دەکشێن، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە، کات و ئەو ناوچانەی کە ئەم دیاردانەی تیادا دووبارە دەبێتەوە ناسراون کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- باکووری ڕۆژئاوای زەریای هێمن: بەدرێژایی ساڵ تیایدا ڕووەدات، بەڵام لوتکەکەی لە ماوەی نێوان مانگەکانی (ئاب و ئەیلوول) ەو ژمارەی ئەو باهۆزانەی لە ماوەی ساڵێکدا تیایدا ڕووەدات دەگاتە 16باهۆز.

2- باکووری ڕۆژهەڵاتی زەریای هێمن: لەماوەی نێوان (ئایارو تشرینی دووەم) دا ڕووەدات و لوتکەکەی لە ماوەی نێوان مانگی (ئاب و ئەیلوول) ەو 9باهۆزی تیادا ڕووەدات.

3- زەریای ئەتلەسی : لەماوەی نێوان (ئایارو تشرینی دووەم) دا ڕووەدات و لوتکەکەی لە مانگی (ئەیلوول) ە و 5باهۆزی تیادا ڕووەدات.

4- باکووری زەریای هیندی: لەماوەی نێوان (نیسان و کانوونی دووەم) دا ڕووەدات و لوتکەکەشی لە مانگی (ئایارو تشرینی دووەم) ەو 3 باهۆزی تیادا ڕووەدات.

5- باشووری ڕۆژئاوای زەریای هیندی: لە ماوەی نێوان (ئەیلول و ئایار) دا ڕووەدات و لوتکەکەی لەنێوان (کانوونی دووەم و ئادار) دا دەبێت و 4- باهۆزی تیادا ڕووەدات.

6- ئوسترالیا / ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی زەریای هیندی: لوتکەکەی لە مانگی (کانوونی دووەم و ئادار) دا دەبێت و 3 باهۆزی تیادا ڕووەدات.

7- ئوسترالیا / باشووری ڕۆژئاوای زەریای هێمن: لە ماوەی نێوان (تشرینی یەکەم و ئایار) دا ڕووەدات و لوتکەکەی لەمانگی (شوبات) دا دەبێت و 4باهۆزی تیادا ڕووەدات.


لێرەدا تێبینی دەکرێت کەوا ڕووبانی باهۆزەکان لە نیوەگۆی باکووری زەوی لە ماوەی نێوان (ئاب و تشرینی یەکەم) دا زیاترەو بۆ نیوەگۆی باشووریش لە ماوەی نێوان (کانوونی دووەم و ئادار)ە.

ئاویش لە بۆشایی ئاسمانەوە هاتووە!

لەمیانەی دوو لێکۆڵینەوەی جیاوازدا دەرئەنجامێک هاتە کایەوە و دووبارە جەختی لەسەر بیرو بڕوایەکی پێشتری کردەوە کە ڕەنگە سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی لە ڕێگای بەرکەوتنی زەوی بە چەندین کلکدار لە قۆناغەکانی سەرەتای لە دایکبوونی زەویدا دروست بووبێت. کلکدارەکانیش بریتین لە بارستەی مەزنی سەهۆڵیی، بەمەش هۆکاری نقومبوونی ڕووی زەوی بە ئاو نزیکبۆتەوە لە ڕوونکردنەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە کە لە گۆڤاری (سروشت) ی ئەمریکی بڵاوکراونەتەوە باس لەو دەکات کەوا شێوازی هایدرۆجینی نێو کلکدارەکان زۆر نزیکە لەهەمان پێکهاتەی نێو ئاوی دەریا و زەیاکانی سەر زەوی، بۆیە پێشبینی دەکرێت کەوا ئەم کلکدارانە سەرچاوەی بوون و پەیدابوونی ئاوی سەر زەوین و بیرۆکەی پێکهاتنی ئاو لەسەر ڕووی زەوی دوور خراوەتەوە. هەروەها پێدەچێت ڕووی بەردینی و ڕەقی زەوی ببووە سەرچاوەی چڕبوونەوەو مانەوەی ئاو لەسەر ئەم هەسارەیەدا. لەلایەکی دیکەوە زانیان وای بۆ دەچن دەوا ڕەنگە لە داهاتوودا هەر هەمان کلکدار و هەندێکیش لە هەسارۆکەکان بهنە سەرچاوەی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کەشتیوانانی گەشتەکانی ئاسمانیی دواڕۆژ بۆ نێو قۆڵایی سیستەمی خۆر.



دیاردەیەکی بەرگە هەوای هەسارەی (زوهرە) سەری زانایانی سوڕماندووە!



هاوە هاوە پەڵەی ڕەنگ تاریک و شێوە نامۆ لەنێو بەرگە هەوای یەگجار زۆر چڕو پڕی (زوهرە -Venus) ی هەسارە دراوسێیەکەی زەوی دەردەکەوێ کە وایکردووە بیروبۆچوونی هەندێ لە پسپۆڕان بۆ بوونی جۆرە ژیانێک لەو نێوەندەدا بۆخۆی ببات!

تیمی پسپۆڕانی زانستی هەساریی کە ڕوانگەی بەردەوامی ئەو هەسارەیە دەکەن ڕایانگەیاندووە کەوا بە درێژایی سەدەیەک لە ڕوانگەکردنی ئەو هەسارەیەدا، چ لە ڕێگەی چاو و تلسکۆپ یان لە ڕێگەی کامێراو تلسکۆپ و پاشان لە ڕێگەی کەشتییە ئاسمانییەکانەوە بۆیان دەرکەوتووە کەوا ئەو (پەڵە تاریکانە) ی نێو هەورە هەرە چڕوپڕەکانی نێو بەرگە هەوای (زوهرە) دا ماوە ماوە دەردەکەون و بە تێپەڕبوونی کات شێوەو ڕەنگیان دەگۆڕێ، بەڵام تا ئێستا، نە لە ڕێگەی زانایانی پێشینان و نە هی ئێستاش هیچ جۆرە شیکردنەوەیەکی زانستیانەی یەکلا کەرەوە بۆ ئەو دیاردەیە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام هەندێکیان بە دووری نازانن کەوا جۆرە چالاکییەکی ئۆرگانی و بوونی ژیان لەسەر ڕووی هەسارەکەدا هۆکار بێ بۆ دەرکەوتنی ئەو پەڵانە لەنێو بەرگە هەوای هەسارەکەدا.

(یون جو لی)، سەرۆکی تیمی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی دەربارەی ئەم دیاردەیە ڕایگەیاند:"بەشێک لە پسپۆڕان پێشبینی دەکەن کەوا ئەو تەنۆچکانە دەبنە هۆی دەرکەوتنی ئەو پەڵە تاریکانە بەرگە هەوای (زوهرە) بریتین لە ئاوێتەکانی بەهەڵمبووی (کلۆریدی سێیانی ئاسن) و گۆگردو دووانۆکسیدی گۆگرد)، کەچی هێشتا ئەوەشیان نەبۆتە وەڵامی کۆتایی بۆ نهێنی ئەو دیاردەیە.

زانایان توانیویانە ڕوانگەی چالاکییەکی یەگجار زۆر بەهێز بکەن لەنێو بەرگە هەوای هەسارەی (زوهرە) دا، لەوانە، خێترایی یەگجار زۆری ڕۆیشتنی هەورەکان تا سنووری 322کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا، ئەمە جگە لە ڕووبانی گۆڕانکاریی لە ئاستی ڕووناکیدانەوەی هەورەکان بۆ تیشکی خۆر، کە هەندێ جار کەم و زیاد دەکات هاوکات لەگەڵ دەرکەوتن و نەمانی پەڵە تاریکەکاندا.

Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – 07504475407 بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش:
دوو شەممە 2019/9/16 ژمارە (5828) ھاوار
www.xebat.net



سازگار نەبی راهێنەری لەشجوانی و لەش ڕێکی ئافرەتان:

گەر بمانەوێ کەسی تر بێتە ناو ئەم وەرزشە، پێویستە ستایلێکی ئەکادیمی بە وەرزشەکە دیار بێت

دیمانە: کاروان کاوە

ماوەیەکە یاریبیەکانی لەشجوانی و لەش ڕێکی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بۆتە دیاردەیەکی باو لەلای ئافرەتان، بۆیە ڕێژەیەکی زۆری خانمان روو لە هۆڵەکانی لەش ڕێکی و لەشجوانی دەکەن بۆ ئەوەی کێشیان کەم بکەنەوە و لەش و لارێکی ڕێکیان هەبێت و دوورین لە نەخۆشییەکانی قەڵەوی، یەکێک لەم ڕاهێنەرە بەتوانایانەش لە قەزای ڕانیە سازگار نەبی پالەوانی کوردستان و ڕاهێنەری هۆڵی لەشجوانی ئینیرجی فتنس جیمە کە لە بارەی هاتنی بۆ ناو ئەم وەرزشە بەمشێوەیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: وەرزشێکی خۆش و تەندروستە و یەکێکە لە ئاواتەکانی منداڵیم کە زۆر حەزم لە وەرزشکردنە بە گشتی، چونکە من پالەوان پێ دەگەیەنم، بەڵام هەر دەرفەتم هەبێت بەشداری پالەوانیەتییەکان دەکەن بە دڵنیاییەوە.

لەبارەی ئاستی ئێستای ئەم یاریبیەش سازگار گوتی: لە چاو سااڵنی پێش باشە ئێستا کچان زیاتر پێشوازی لەم یاریبیە دەکەن من هۆکاری بۆ خێزان و کۆمەڵگا دەگەڕێنمەوە، چونکە ڕێگا بە کچان نادەن بێنە ناو هۆڵە وەرزشییەکان، بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لە بەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان روو لە هۆڵەکانی لەشجوانی بۆ گرینگیدان بە تەندروستی و ڕێکی جەستەیان، گەر بمانەوێ کەسی تر بێتە ناو ئەم یاریبیە، پێویستە ستایلێکی ئەکادیمی بە وەرزشەکە دیار بێت بەرەو پێشچوون و سوودبەخشتر تاکو حەز لای ئەوانی تر دروست بێت.

ئەم خانمە بۆ داهاتووی خۆشی وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار گوتی: هەر پالەوانیەتییەک هەبێت دەتوانم بەشداری بکەم، دەمەوێ لە داهاتوو بیمە باشترین یاریزان، هیوادارم بەس گرینگی بە یەک پالەوانیەتی نەدرێت هەموو جۆرە پالەوانیەتیەک بکرێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین کچان و ژنان بەشداری بکەن، سوپاسی ڕۆژنامەی خەباتیش دەکەم بۆ پشتگیری کردنی وەرزشکاران.




دۆرتمۆند هەڕەشە لە بەرشلۆنە دەکات

یانەی بروسیا دۆرتمۆند بەر لە یاری لووتکەیان بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە، گەڕایەوە سەر ئاوازی سەرکەوتنەکان، دوای ئەوەی بەئەنجامێکی گەورە 4-0لە یانەی بایەر لیڤەرکوزنی بردەوە.

دۆرتمۆند پێویستی بە بردنەوەیەکی لەمشێوەیە بوو بۆ ئەوەی هەڕەشەیەک ئاراستەی یانەی بەرشلۆنە بکات کە بڕیارە سێشەممەی داهاتوو لە میانی ڕکابەرییەکانی گرووپی شەشەمی خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپا بەیەک بگەن، کە ئەمە سێیەم بردنەوەیەتی لەم وەرزەدا و ژمارەی خاڵەکانی گەیاندە 9 خاڵ.

مۆنتێلا: دەتوانین بەرامبەر ڕکابەرەکانمان بجەنگین

فینشنزۆی مۆنتێلای ڕاهێنەری یانەی فیۆرنتینای ئیتاڵی ئاماژەی بە تواناکانی فرانک ریبیری و جایتانۆ کاستڕۆفیلی دا کە یاریبەکی باشیان بەرامبەر یۆڤینتۆس پێشکەش کرد و لە لێدوانێکدا بۆ تۆڕی سکای سپۆرت گوتی: شانازی بە یاریزانەکانمەوە دەکەم، دوو یاری زۆر باشیان لەبەرامبەر دوو ڕکابەری سەرسەخت پێشکەش کرد و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەتواناماندا هەیە بەرامبەر ڕکابەرەکانمان بجەنگین، هەروەها گوتی: لە یاریبەکەی یۆڤی 10 تا 15 لێدانمان بۆسەر گۆڵی بەرامبەر هەبوو بەڵام کەبەخت یاوەر نەبێت و ئەمەش بێ ئومێدی کردین بەڵام ئێمە لەسەر ڕێچکەی ڕاستین





نادال کۆڵۆ نادات

هەفتەی ڕابردوو، ئەفسانەی تێنسی سەر زەوی ئیسپانی، ڕافائیل نادال، بۆجاری چوارەم نازناوی پالەوانیەتی ئەمریکای کراوەی بەدەستهێنا ، کە دوایین پالەوانیەتی گراند سلامی ئەم وەرزەیە، دوای بردنەوەی لە تێسنزانی ڕووسی، دانیێل میدڤیدێڤ، بە سێ کۆمەڵە بەرامبەر بە دوو کۆمەڵە، یاریبەکەش 4 کاتژمێر و 50 خولەکی خایاند. بە بەدەستهێنانی ئەو نازناوەش، نادال، چەندین ژمارەی ناوازەی تۆمارکرد، کە لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو.

- بەدەستهێنانی نازناوی پالەوانیەتی ئەمریکای کراوە بۆ جاری چوارەم.

- بەدەستهێنانی نازناوی ژمارە 19 لە گراند سلام.

- بۆ جاری 13 بە سەر یەکەوە، تەمەنی پالەوانی گراند سلام لە 30 سالّی ڕەت دەدات.

- بۆ جاری 12 بە سەر یەکەوە، یەکێک لەو سێیانە، نادال، فیدرێر و جۆکۆڤیچ، دەبنە پالەوانی گراند سلام.

- یاری کۆتایی ئەمریکای کراوە 2019، سێیەم دڕێژترین یاری کۆتاییە، دوای سالّانی 1988و 2012.

-پێنجەم سالّە بەسەر یەکەوە، نادال، بەلایەنی کەمەوە دوو نازناوی گراند سلام بەدەست دەهێنێت.

- نادالی تەمەن 33 سالّان، دووەم گەورەترین یاریزانە، ئەو نازناوە بەدەست دەهێنێت.

- نادال، یەکەم یاریزانە، کە تەمەنی لە 30سالّی ڕەتیداوە، 5نازناوی گراند سلام بەدەست دەهێنێت.

ڕەمزی میرەکانی



ڕۆنالدۆیان بەستایەوە

یانەی یۆڤینتۆس دوو خاڵی گرنگی لە میانی ڕکابەری بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئیتاڵی لەم وەرزە لەدەستدا، دوای ئەوە کەوتە داوی بەرامبەر بوون لەگەڵ یانەی ڤیۆرنتینا، کە لە گەڕی سێیەم بەیەک گەیشتن.

لەم یاریبەدا یانەی یۆڤی وەک چاوەڕوان دەکرا ئەو ئاستەی پێشکەش نەکرد، ئەمە لەکاتێکدا یانەی ڤیۆرنتینا چەندین دەرفەتی دیکەی گۆڵ تۆمارکردنی لەدەستدا، بەڵام ڤیۆرنتینا سەرکەوتوو لە چاودێری کردنی جولەکانی کریستیانۆ لە ناو یاریگا و نەیانهێشت مەترسییەک بۆ سەر تۆڕەکەیان دروست بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 16. Sep. 2019 No: (5828)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

شاعیری لاو رزگار گەبەیی: شیعری نیشتمانی پێویستی بە باکگراوندێکی باشی ئەدەبییە بۆ ئەوی شاعیری بۆ نیشتمان بنووسێت



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی
هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

واز لەو هەسارەیە بێنن
چتان داوە لەدار و گوڵ و گیا
چ پانتاییەک ماوە
نەیکەن بە جبەخانە و باروت؟
چ ئاسمانێک ماوە
تۆی نەکەن لەژەهر و دووکەڵ؟
چ ڕووبار و دەریاییێک ماوە
پڕی نەکەن لەڕۆکێت
ئەی درندەینە
بۆ وا لەوهەسارەیە دەکەن
لەسای سەری عەولەمە و دروشمەکانتان
دنیا بووەتە سەرتان
تا بەمرۆڤ رادەگات
پڕتان دایە باغ و دارستان
ئەمازۆن
(پیسییەکان) ناو هەناوی
مرۆڤایەتی بوو
ئەویشتان سووتاند
ئەی جانەوەرینە
شێر و پڵنگەکانی جەنگەڵستان
زۆر لە ئێوە بەویژدانترن
ئەوان کە تێر بوون
یەکسەر دەنوون
بەڵام ئێوە هاج و هارن
هەموو دەم هەردەم بێدارن
بۆ واز لەم گەردوونە ناهێنن
تا بەزەوی رادەگات
ئاسمانیشتان داگیر کرد
ئەوەی کردتان .....کردتان
ئەوەی بردتان.....بردتان
دەڵێمانگەڕێن
پڕ بە سییەکانمان
هەوا هەڵمژین.



دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

شاعیری لاو ڕزگار گەبەیی ناسراو بە سەرسام(یەکێک لەو شاعیرە ڕوح سوکانەی بەووشە ناسک و جوانەکانی دڵی لاوان خۆش دەکات و خۆشەویستە لای هاوڵاتیانی ناوچەکە ،سەرسام لەناحیەی پیرمەگرونی قەزای دوکان لەپارێزگای سلێمانی نیشتە جێیە لەم دیمانەیی کەخەبات لەگەڵی ئەنجامداوە دڵی بوالاکردین:

چوارینەکانی خەیام

دەربارەی ئاشنابوونی بەدونیای شیعر رزگار دەڵێت: یەکەم کتێب کەخوێندمەوە لە تەمەنی تێگەیشتن لەڕاستی چوارینەکانی خیام بوو، ئیتر شیعرم لاخۆشەویست بوو حەزم بەنووسین کرد ، یەکەم شیعر کەنووسیم : دڵی من وەکوو ئاوریشم و دڵی تۆلەبەرد ڕەقترە ئەم دوانە کوا بۆیەک ئەبن بۆیەک نەبونیان چاکترە.

شیعرەکانم خەیاڵن

دەربارەی چیرۆکی شیعرەکانی سەرسام دەڵێت: زۆر بەی شیعرەکانم خەیاڵن زۆریشیان چیرۆکی ژیانی تاکی ئەم کۆمەڵگایەی خۆمن و ئەیانکەم بەشیعر.لەوەڵامی پرسیاری لەزەتی شیعری و ڕێتمی شیعر لەلای ئێوە زیاتر لەشیعری ئازاد یان کلاسیک بەرجەستە دەبێت ؟شاعیر گوتی:من خۆم لەشیعری حورِ زیاتر ئەدۆزمەوە، بەڵام خولیام بۆ کلاسیک و چوارینەش هەیەو جاروبار ئەی نووسم.



دایک و خاک

شاعیر لەوەڵامی ئایە شیعر بۆ خۆشەویستی یان دایک یان نیشتیمان ئەنووسێت دەڵێت: ئیلهامی من خودی شیعرە کەی زاڵبوو دەینووسم ئەمەواتای ئەوەنیە کاریگەری خۆشەویستی بەسەرمەوە نەبێت بێگومان دایک خاک هاوسەر منداڵەکانم لەشیعرەکانمدا بێ جێگانین.دەربارەی بەرهەمی چاپکراوی سەرسام گوتی:تائێستامن هیچ شیعرێکی چاپکراوم نیە بەفەرمی خۆشم کەمتەرخەم بووم، ئنشاللە هەوڵ دەدەم شیعرەکانم کۆبکەمەوە.

بێگومان دایک، خاک، هاوسەر و منداڵەکانم لەشیعرەکانمدا بێ جێگانین

شیعرەکانم چیرۆکی ژیانی تاکی ئەم کۆمەڵگایەی خۆمن و ئەیانکەم بەشیعر

سەربەخۆیی

دەربارەی سەربەخۆی کوردستان شاعیر دەڵێت:بەڵێ چوارینەیەکم بۆسەربەخۆی نووسیوە،کەدەڵێم:
کوردەموو بەکوردی ئەبێت
بمرم پەیمانوو ئەهدە
هەر دەگات بەمەخسەد
ڕۆژێ ئەم قەومی کورد
ڕوباروو ئاوی کانی لێڵیش
بێت هەر ڕون دەبێت
چونکە سەر چاوەکەی لەبن
چیاو شاخ و هەردە.

شیعر زاڵبوونە

لەوەڵامی پرسیاری حەز بەشیعری رۆمانسی یان نیشتیمانی دەکەیت رزگار گوتی: وەک وتم شیعر زاڵبونە خۆی دێت و خۆی زاڵ دەکات ڕۆمانسی چونکە باشتر دێت بەدەستەوە شیعری نشتمانی زۆرئاسان نایات من پێم وایە شیعری نیشتمانی پێویستی بە بارگراوندێکی باشی ئەدەبیە بۆئەوی شاعیریک بێت لەبۆ نیشتیمان بنووسێت.دەربارەی دواپرۆژەی لەبواری نووسین و شیعردا ،سەرسام گوتی:لەپرۆژە مدایە تەواوی شیعرەکانم بەچاپ بگەیەنم ئەگەر تەمەن باقی بێت.

راوکردنی دۆلفین دەستپێکرد



دەستەی پەخشی بەریتانیا BBC بڵاویکردەوە، دوێنێ دەستکراوە بە راوکردنی دۆلفین و جارێکی دیکە ژینگەدۆستان و راوچییەکانی ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە.هاوکات میدیاکانی ژاپۆن بڵاویانکردەوە کە بەلەمی راوچییەکان بێ ئەوەی بتوانن دۆلفین راوبکەن بەبەتاڵی گەڕاونەتەوە.لە لایەکی دیکەوە گرووپی ژینگەدۆستی The Dolphin Project رایگەیاند، ئەمڕۆ پێنج دۆلفینی شین راوکراون. چاوەڕوان دەکرێت لە میانی ئەو راوکردنەدا کە نزیکەی شەش مانگ دەخایەنێت، لانیکەم هەزار و 700 دۆلفین راوبکرێت.ئەو راوکردنەی کە نەریتێکی ژاپۆنییەکانە ، ساڵی 2009 بە فیلمی دۆکومێنتاریی "The Cove" کەوتە بەر سەرنجەکان کە توانی خەڵاتی ئۆسکار بباتەوە.فیلمەکە باس لە هێنانی دۆلفینەکان دەکات بۆ گۆماوێکی سەربە شاری تایجی و کوشتنیان بە چەک بۆ گۆشتەکەیان.ڕاوچییەکانی ژاپۆن ڕایدەگەیەنن، راوکردنی دۆلفین بەشێکە لە نەریتیان و ڕۆژئاواییەکان کە ڕەخنەیان لێدەگرن، لەبەرئەوەی جۆرەکانی دیکەی گۆشت بەکاردەهێنن، بەدوورۆوە ناودەبەن.

لە هۆڵندا کۆمەڵەی کوردی مورداید پێشانگایەکی شێوەکاری دەکاتەوە



ناشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

لە ڕۆژی 2019/9/14 کۆمەڵەی کوردی مورداید و گرووپی هونەرمەندانی هونەری لە شارۆچکەی زەیڤن بێترخن لە هۆڵی کلێسا پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری هەمەڕەنگ بۆ 8 هونەرمەندی شێوەکاری (کوردی و هۆڵەندی) کردەوە کە تێدا هەر هونەرمەندێک بە ٣ تا ٤ تابلۆ لە هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازی و سیرامیک و کاری دەستی بەشداری تێدا دەکەن ، هونەرمەندان بریتین لە بژار حەمدی و نیل کنۆک و باربارا ماجلیسکا و کۆری تایسن و ماریان ڤەن دیورن و ئاشتی شێخانی و سامان قادرو ڕیت ڤەن دیورن و دەن هۆڵدەر ، کە سالانە کۆمەڵەی کوردی مورداید بەسەرپەرشتی نوسەرو شاعیر لەتیف عومەر ئەم پێشانگایە دەکاتەوە کەهەر ساڵێک کۆمەڵە هونەرمەندێکی جیاواز بەشداری دەکەن وە هەر جارەی لە هۆڵێک نمایشی کارەکانیان دەکەن ، ساڵی پێشتر لە هۆڵی شارەوانی زەیڤن بێترخن پێشانگاکە کرایەوە ماوەی ١١ ساڵ پتر سالانە کۆمەڵەی کوردی مورداید ئەو پێشانگا وەرزی یە دەکاتەوە .لەو پێشانگایەدا هونەرمەندان ئەزموون و تاقیکردنەوەی جیاجیان هەیە لە بواری هونەری شێوەکاری و زۆربەیان مامۆستای هونەرین لە سەنتەرو قوتابخانە هونەریەکاندا و وانەی هونەر دەڵێنەوە لە زۆربەی پێشانگاو ڤیستڤاڵە هەرێمی یەکان بەشداری دەکەن و نمونەی کارەکانیان نمایش دەکەن کە کاری کەلتووری و فۆرمی هاوچەرخی و ڕیالیستی و ئەکادیمی و ئاپستراکی تێدایە کاری سیرامیکی بە شێوەیەکی مۆدرن داڕێژراوە لەگەڵ ئەوەی هەموو قوتابخانە هونەریەکانی هونەری شێوەکاری لە خۆ دەگرێت ، بێگومان لەگەڵ کردنەوەی پێشانگاکە ووتاری کۆمەڵەی کوردی و گرووپی هونەرمەندانی هونەری دەخوێندرێتەوە دواتر پێشانگاکە بەفەرمی دەکرێتەوە لە ١٤ / ٩ / ٢٠١٩ تاوەکو ٥ / ١١ / ٢٠١٩ بەردوام دەبێت .

کیم کارداشیان

هەوادارانی سەرسام دەکات!

خەبات / هەمزە سەرحان

کیم کارداشیان، ئەستێرەی ناوداری تەلەڤزیۆنی و تۆزە کۆمەڵایەتییەکان، وێنەیەکی دەگمەنی خۆی بە بێ میکیاژ بڵاوکردەوە و بووە جێی باسی هەوادارانی.بە پێی دەیلی مەیڵ، کیم لە هەژماری ڕەسمی خۆی لە ئینستاگرام کە زیاد لە ١٤٠ ملیۆن فەلۆەری هەیە، وێنەیەکی خۆی و سام-ی کوڕی بڵاوکردەوە، لە وێنەکەدا هیچ جۆرە بابەتێکی جوانکاری بەکارنەهێناوە.دەیان هەزار هەوادار بە کۆمێنت ستایشیان کرد و پێیان وت کە بێ میکیاژیش هەر سەرنجڕاکێشە. وێنەکە زیاد لە ٤ ملیۆن جار لایک کراوە.کیم بەوە ناسراوە کە بەردوام میکیاژ و فیلتەرێکی زۆر بەکار دەهێنێت وئەم وێنەیە بە بەراوردی وێنەکانی دیکەی نامۆیە.

ڕوونکردنەوە و پۆزش

دوای ئەوەی لە ژمارە 5826ی ڕۆژی پێنجشەممە2019/9/12 لە دوالاپەڕەی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئازیزدا هەوالێکی کۆڕە شیعرێکی (خاتوو کەژاڵ ئەحمەد) م بڵاوکردەوەو تیایدا ئاماژەم بە وتەو لێدوانی خاتوو کەژاڵ ئەحمەد بۆ خەبات کردبوو، هاوکات خاتوو کەژاڵ ئەحمەدیش ڕوونکردنەوەیەکی لەئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک بە ناونیشانی "من لێدوانم بۆ خەبات نەداوە" بڵاوکردبۆوە، لە ڕاستیدا خاتوو کەژاڵ لێدوانی بۆ "خەبات" نەدابوو، بەڵام من وەک ڕێکلام بۆ کردن و گرنگیدانێک بە هەوالێ کۆڕە شیعریەکەی خاتوونی شاعیر بەو شێوەیە بڵاوم کردبۆوە، دەنا هیچ مەبەستێکم لە شێوازی بڵاوکردنەوەی هەوالەکەدا نەبووە لە غەیری سۆز و خۆشەویستیم بۆ شیعرو سازدانی ئەو کۆڕە شیعریەی خاتوو کەژاڵی شاعیر لە شاری هەولێر، جێگای ئاماژەشە، خاتوونی شاعیر هاوڕێی دێرینی سەردەمی زێڕینی هەشتاکانی شیعریە، هاوکات لە دوای بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەکەی، لە ڕێگای چات و تەلەفۆنی ماسنجەرەوە پەیوەندیم بە خاتوو کەژاڵەوە کرد و لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەمان کرد و پاشان لەڕێگای هاوڕێیەکمەوە «دوای دوو ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەکەی، پۆستەکەی لە ئەکاونتی پەیجەکەی سڕیەوە» سوپاسی دەکەم، لە کۆتاییدا داوای لێبوردن لە خاتوو کەژاڵ و خەبات و بەرپرسی دوالاپەڕەی ڕۆژنامەی خەبات و خوێنەرانی ئازیز دەکەم.

لەگەڵ ڕێزمدا

«حەمە ئەحمەد جاف»